Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.21

# ململانێی کولتووریی لە ڕۆمانی "هوتێل ئەورووپا"ی "فەرهاد پیربال"دا

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Barzan Taher Ahmad
Barzan.t.ahmed@su.edu.krd

**بارزان طاهر احمد/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

**کارزان محسن قادر/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، هەرێمی کوردستان،عێراق

RECEIVED :05 /07/2025
ACCEPTED :23/09/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

## پوختە

ڕۆمانی "هۆتێل ئەورووپا" یەکێکە لە نموونە جوان و دیارەکانی شوێنکاتی کۆچ و ئاوارەیی و تاراوگەنشینی لە ئەدەبی نوێی کوردیدا، پرسی ململانێی کولتووریی بەشێوەیەکی قووڵ و فرەچین وێنا دەکات. ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە بیرکردنەوە و ژینگەیەکی ئەورووپیدایە. کارەکتەری سەرەکی کۆچبەرێکی کوردە کە لە ناخی کۆمەڵگەیەکی ئەورووپیدا لە "پاریس" دەژی و لە نێوان ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و کولتوورە زاڵەکەی ڕۆژئاوادا ڕووبەڕووی جۆرێک لە ململانێی و سەرلێشێواوی ناوەوە و پچڕانی ناسنامە دەبێتەوە. ئەم ململانێیە تەنیا لە ئاستە دەرەکییەکانی وەک زمان و ڕەفتار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەرناکەوێت، بەڵکو لە چینە قووڵەکانی وەک هەستی سەربەخۆیی و تێگەیشتن لە خود و ئەزموونی ژیانی کارەکتەریشدا خۆی دەردەخات. ئەم کارە بە کەڵک وەرگرتن لە میتۆدەکانی گێڕانەوەی پۆستمۆدێرن، سنووری نێوان ڕابردوو و ئێستا، نەریت و مۆدێرنیتە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەبڕێت و چینەکانی ململانێی زمانەوانی، ڕەفتاری، مێژوویی و دەروونی ئاشکرا دەکات و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. دەرئەنجامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە دروستبوونی جۆرێک لە قەیرانی ناسنامە و هەستکردن بە نامۆبوون لە کارەکتەری سەرەکیدا دەردەکەوێت. توێژینەوەکە بە پشتبەستن بە ڕێبازێکی شیکاری ڕەخنەیی، هەوڵدەدات بە شیکردنەوەی توخمە کولتوورییەکان و پێکهاتەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، دەرکەوتەکانی ململانێی کولتووری و کاریگەرییەکانی لەسەر پێکهاتنی سوژەی کۆچبەر بکۆڵێتەوە.

**وشە سەرەکییەکان:**
ململانێی کولتووریی،
ڕۆژهەڵات،
ڕۆژئاوا،
هۆتێل ئەورووپا،
فەرهاد پیربال.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی :

لە جیهانی نوێدا بەریەککەوتنی نێوان کولتوورەکان بەهۆی کۆچ و جیهانگیریی و فراوانبوونی میدیاکانەوە گۆڕانکاری گەورەی بە خۆیەوە بینیوە؛ پرسی ململانێی کولتووریی، یان تێنەگەیشتنی کولتووریی بووەتە یەکێک لە ئاڵنگارییە بنەڕەتییەکانی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان. ئەم ململانێیە کاتێک ڕوودەدات کە دوو کولتوور، یان زیاتر کە بەها و بیرکردنەوەو ڕەفتار و شێوازی ژیانییان جیاوازە، بەریەککەوتن و ئەگەری لێکتێنەگەیشتن دێتە ئاراوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەدەب، بەتایبەت ڕۆمان، وەک ئاوێنەیەکی واقعیانە ناو کۆمەڵگە دەبێتە سەکۆیەکی گونجاو بۆ گواستنەوە و پیشاندانی ئەو ململانێیانە. ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا" لە نووسینی "فەرهاد پیرباڵ"، یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکانی تاراوگەی کوردیی، کە تیایدا ئەو ململانێ کولتوورییە بەشێوەیەکی بەرچاو رەنگی داوەتەوە و دوای کۆلۆنیالیزم ڕووبەڕووبوونەوەی دوو فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژئاوایی پیشاندەدرێت. ئەم بەرهەمە نەک هەر باس لە پرسە کولتووریی و ناسنامەییەکانی کەسی کۆچبەر و تاراوگەنشین دەکات، بەڵکو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتیی هزر و بیرکردنەوە و نەریت و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش لە دەقی گێڕانەوەی خۆیدا ڕەنگپێدەداتەوە. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لە فەزایەکی نێوان کولتوورییدا ڕووبەڕووی ئەزموونی جۆراوجۆری نامۆبوون و لەدەستدان دەبێتەوە، کە نەدەتوانێت بە تەواوی بگەڕێتەوە بۆ کولتوورەکەی پێشووی و نە بەتەواویی تێکەڵ بە کولتووره نوێیەکە دەبێت.

## سنووری توێژینەوە:

سەرەڕای نەبوونی سەرچاوەی شیکاری ئەکادیمی لەسەر ڕۆمانی ڕۆمانی "هۆتێل ئەوڕوپا" و نەبوونی وەرگێڕانی فەرمی و زانستی بۆ بەراوردکاری نێوان کولتوورەکان، ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرنج دەخاتە سەر شیکردنەوەی ململانێی کولتووری لە چوارچێوەی خوێندنەوەی دەقی و کەڵکوەرگرتن لە چەمکە تیۆرییە پەیوەندیدارەکان. سنووردارکردنی تیۆری لە چارەسەرکردنی قەیرانی ناسنامەی کورد و هەروەها هەوڵدان بۆ دەرخستنی بۆشاییە قووڵەکانی نێوان کولتووره ڕەسەن و کۆچبەرەکان، چوارچێوەی چەمکی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنن. شیکارییەک بۆ پێکهاتە و زمان و تایبەتمەندییەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، لەگەڵ بەکارهێنانی تیۆرییەکانی ململانێی کولتووری، بنەمای میتۆدۆلۆژی ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدەهێنێت.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ گرنگی ململانێی کولتووریی لە ئەدەبی تاراوگەنشین و سەرهەڵدانی قەیرانی ناسنامە دەگەڕێتەوە. ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی گونجاوە بۆ پراکتیزەکردنی ململانێی نێوان کولتوورەکان بە تایبەتی کولتووری ڕۆژهەڵات و کولتووریی ڕۆژئاوا. بۆیە هەڵبژاردنی ئەو بابەتە بۆ توێژینەوە هەنگاوێکە بەرەو دەوڵەمەندکردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

## ئامانجەکانی توێژینەوە:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی چینە جۆراوجۆرەکانی ناڕوونی کولتوورییە، کە هەندێکجار لە شێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و هەندێکجاریش لە ڕەهەندێکی فەلسەفیدا؛ تێڕامان لە مانا و ناسنامە و ژیان لە نێوان کولتوورەکاندا دەردەکەون. نوکتە و تەنز و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی وەک ئامرازێک بۆ واتای ئاشکراکردنی دابەشکارییە کولتوورییەکان بەکاردێت. لەهەمانکاتدا ڕۆمانەکە وا پیشاندەدات کە ململانێی کولتووریی مەرج نییە بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژانە بێت، بەڵکو دەتوانێت ببێتە سەکۆیەک بۆ بیرکردنەوە و تەنانەت سازاندنی واتای نوێ لە ناسنامەی تاراوگەنیشیناندا.

## میتۆدی توێژینەوە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە چۆنایەتی و شیکارییە، لەسەر بنەمای میتۆدیی ڕەخنەی کولتوورییە کە لە تیۆرییە کولتوورییەکانی بۆ نموونە: "ئێدوارد سەعید" وەرگیراوە. توێژینەوەکە بەراوردکاریی لە نێوان توخمە کولتوورییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە پێکهاتەی ڕۆمانەکەدا دەکات.

## پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسە سەرەکییانە بداتەوە:-

١- ململانێی کولتووریی لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"دا چۆن لە ئاستی توندوتیژیەوە بۆ ئاستی دیالۆگ و ڕەنگدانەوەی

فەلسەفی بەرز دەکاتەوە؟

٢- کاریگەرییەکانی ململانێی کولتووریی لای کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە بەتایبەتی کارەکتەری سەرەکی لەسەر دروستبوونی قەیرانی ناسنامە تا چ ئاستێکە؟

٣- ئەزموونی ژیان لە نێوان فرە کولتوورەکاندا دەتوانێت ببێتە هۆی بنیاتنانەوە یان ئاشتبوونەوەی ناسنامەی تاک؟

٤- ئایا نووسەر ناڕوونیی کولتووریی وەک ئامرازێک بۆ ڕەخنەگرتن لە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنێت؟

**پاشخانی توێژینەوە:**

لەگەڵ قەیرانی ناسنامە و ئەزموونی ژیان لە نێوان کولتوورەکاندا، ڕۆمانی "هۆتێل ئەوڕوپا" زەمینەیەکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کولتوورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەڕەخسێنێت؛ کە کارەکتەری سەرەکی لە ناوەڕاستی ململانێی نێوان گەڕانەوە بۆ ناسنامەی ڕابردوو و تێکەڵبوون بە کولتووری نوێدا گیر دەبێت. وەها دۆخێک دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆرێک لە "ناڕوونیی ناسنامە" کە دەتوانرێت بە نوێنەری ئەزموونی کۆچبەران لە سەردەمی نوێدا هەژمار بکرێت. لەم ڕوانگەیەوە شیکاری ململانێی کولتووری لەم ڕۆمانەدا دەتوانێت تێگەیشتنێکی قووڵتر لە دیاردەناسیی ناسنامەی کۆچبەران و پەیوەندییە نێوان کولتوورییەکان دابین بکات و لە لایەکی دیکەشەوە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دەوڵەمەند بکات.

هەرچەندە بەرهەمەکانی فەرهاد پیرباڵ لە بوارەکانی زمانەوانی، ستایلیستی، گێڕانەوە و نوێنەرایەتیکردنی مێژوو و سیاسەتدا بابەتی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر بوون، بەڵام دیاردەی ململانێی کولتووری وەک بابەتێکی سەربەخۆ، بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"، تا ئێستا بە شێوەیەکی سیستماتیک لێکۆڵینەوەی زانستی بۆ نەکراوە. زۆربەی توێژینەوەکانی پێشوو زیاتر لەسەر شێوازەکانی گێڕانەوە، پێکهاتەی زمانەوانی، یان ڕەنگدانەوەی مێژووی هاوچەرخ بوون. بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات بە ڕوانگەیەکی نوێ، ڕەهەندێکی کەمتر بینراوی جیهانی خەیاڵی "فەرهاد پیرباڵ" بخاتە ڕوو؛ ڕەهەندێک کە نەک تەنها مامەڵە لەگەڵ ململانێی کولتووریدا دەکات، بەڵکو ڕێگە بە بیرکردنەوە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی وەک "سەربەخۆبوون"، "ماڵ" و "ناسنامە" دەدات.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە پوختە بە زمانەکانی "کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی" و پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی، بەشی یەکەم لە سێ تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم: باسی ململانێ و پێناسە و جۆرەکانی ململانێ دەکات. تەوەری دووەم: پێناسەی کولتوور و چەمکە بنەڕەتییەکانی کولتوور دەخاتە ڕوو. لە تەوەری سێیەم: پێناسەی ململانێی کولتووریی دەکات و چەمکە بنەڕەتییەکانی ململانێی کولتووریی شیدەکاتەوە و دواتر باسی ململانێی کولتووریی لە ئەدەبی کوردیدا دەکات. بەشی دووەم: بریتییە لە پراکتیزەکردنی ململانێی کولتووریی لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوڕوپا"ی "فەرهاد پیرباڵ". ئەم بەشە لە سێ تەوەر پێکدێت. تەوەری یەکەم: باسی قەیرانی ناسنامە و تەوەری دووەم: باسی ململانێی بەها کولتوورییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەکرێت. تەوەری سێیەم: باسی نوکتە و ڕەخنەیی کولتووریی وەک ئامرازێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ کولتووریی دەکرێت. لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بە چەند خاڵێک ئەو ئەنجامانە خراونەتە ڕوو کە لە ماوەی کارکردنیدا توێژینەوەکە پێیگەیشتووە. ئینجا لیستی ئەو سەرچاوانەی ئەو توێژینەوەیە سوودی لێوەرگرتوون بەپێی ڕێکخستنی ڕێبازی زانستیانە پێشکەشدەکرێت.

## ١- ململانێی کولتووریی.

### ١-١- چەمکە گشتییەکەی ململانێ:

ململانێ: درزتێکەوتن، یان ئەو تێکچوونەیە کە لە نێوان مرۆڤەکانەوە بەهۆی جیاوازیی بیرکردنەوە، خواست، یان بیرۆکەی جیاوازەوە سەرهەڵدەدات، ئەوەش لە نەگونجاندن و ڕێکنەکەوتنی کەسێک، یان نێوان دوو کەس، یان زیاتر یان دوو کۆمەڵ، یان دوو دەوڵەت دێتە ئاراوە.

ململانێ وەک جووڵە، یان بیرۆکەیەک، یان کردارێکی جیاواز تەماشای دەکرێت و پەیوەندی بە قوڵبوونەوە و بەدواداچوونی

خۆپەرستانە هەیە، کە بە دۆخێکی ئارام، یان نائارامی کۆتایی دێت. هەر ئەمەشە وادەکات ململانێ ببێتە شتێکی پێویست و هەمیشەیی ژیان. ململانێ لە ئەنجامی بیرکردنەوەی جیاواز، کردار، یان بیرۆکەی دژبەیەک دێتە ئاراوە، بەهۆی ململانێ دۆخی ئاسایی ئێستا دەگۆڕێت، یان تێکدەچێت و دۆخێکیتر دێتە ئاراوە. کەواتە؛ ئاساییە ململانێ لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا وەک دیاردەیەکی سروشتی ببینرێت، بەڵام بەپێی بیرکردنەوەی کەسەکان و بەپێی شوێن و کات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر جۆری دەرکەوتنی ململانێکە جیاواز دەبێت. ((بەشێوەیەکی گشتی لە ئاستی تاکەکەسیدا، ململانێ و ناکۆکی کاریگەریی ئەوتۆ ناکاتە سەر شێوازی گەشەی شار و پێکهاتەکانی ناوی، بەڵام لە ئاستی کۆمەڵ، گرووپ، دەستە و تاقمی مەزهەبی، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، کاریگەری گەورە لەسەر هەڵومەرجی ژیان دادەنێت)). (لەتیف، ٢٠٢٤، ١٨٢). بۆیە ململانێ زۆرجار بێ بەرهەم و خۆپەرستانەیە و هەندێکجاریش بەرهەمدارە.

**١-١-١- جۆرەکانی ململانێ: ململانێ بەسەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەش دەبێت:**

ململانێی ناوەکی: ململانێی ناوەکی بۆ خودی کەسەکە و ناوەوەی کەسەکە دەگەڕێتەوە. بۆ نموونە: کاتێک کە هەست بە ناکۆکی دەکەیت سەبارەت بە تێڕامان و بیرکردنەوە، یان ڕەفتارەکانی خۆت. ڕەنگە هەمیشە بە خەڵکیت وتبێت: کە پێویستە یارمەتی خەڵکی هەژار و بێ ماڵ و دەرەتان بدەن، کاتێک کەسێکی هەژار، یان بێ ماڵ و دەرەتان لەسەر شەقام دەبینیت و داوای هاوکاریت لێدەکات و ناتوانیت هاوکاریی بکەی. ئەوکاتە: جۆرە جیاوازییەک لە نێوان قسە و کردارەکان دروست دەبێت، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی نیگەرانی ناوخۆیی. وەک "مستەفا مەلەکیان" لە کتێبی "معنویت و عقلانیت" دەنووسێت: مرۆڤی مۆدێرن، ئەگەر تێڕامان و بیرکردنەوە ئەزموون کردبێت، هەمیشە ڕووبەڕووی جۆرێک لە ململانێی ناوخۆیی دەبێتەوە، هەرچەندە ئەم ململانێیە بە ئازارە، بەڵام نیشانەی زیندوویی ویژدانی ئەخلاقی و هۆشیارییە. (ملکیان، ١٣٨٩، ١٥٧). کەواتە: ململانێی ناوەکی بۆ ئەو کەسەی کە زیاتر بیردەکاتەوە و ئەزموونی دەکات هەمیشە شەڕێکی دەروونییە. لەگەڵ ئەمەشدا ململانێی ناوەکی ئەگەر قورسیش بێت، بەڵام هەوڵی چارەسەرکردنی دەبێتە هۆی تێگەیشتنێکی بەهێزتر بۆ کەسەکە.

ململانێی ناوەکی، سێ جۆر ململانێ لە خۆدەگرێت:

١ -ململانێی چوونە پێش: بریتییە لەو جۆرە ململانێیەی کە تاک دەکەوێتە نێوان دوو شت و دیاردە، کە هەردووکیان خۆش و سەرنجڕاکێشن و ئەو کەسە ناتوانێت یەکێکیان هەڵبژێرێت و بە ئاسانی ململانێیەکە یەکلایی بکاتەوە، ((لە ململانێی چوونە پێش، تاک ناچارە لە نێوان دوو ئامانجی ئەرێنیدا هەڵبژێرێت؛ هەڵبژاردنی یەکێکیان بە واتای وازهێنانە لە ئامانجەکەی دیکە)) (محمدی، ١٣٩٢، ٢٢٤). تا ئەو کاتەی بڕیاردەدات و کێشە و ململانێیەکە یەکلایی دەکاتەوە ئەو کەسە لە بارێکی دەروونی گرژ و ئاڵۆزدا دەژیت.

٢ -ململانێی پاشەکشێ: ئەم جۆرە ململانێیە بە پێچەوانەی جۆری یەکەم، مرۆڤ دەکەوێتە نێوان دوو شتی زۆر ناخۆشەوە، هەر کامێکیان هەڵبژێرێت بە زیانی تاک خۆی تەواو دەبێت، لەهەمانکاتدا ((تاک ناچارە یەکێک لەو دوو بارودۆخە ناخۆشە هەڵبژێرێت و هەردوو هەڵبژاردنەکەش جۆرێک لە نائارامی دەهێنن)) (محمدی، ١٣٩٢، ٢٢٥). تا ئەوکاتە بڕیار دەدات و یەکێکیان هەڵدەبژێرێت، یان ململانێکە بە لایەکدا دەخات، ئەوا ئەو کەسە لە گرژیی و بارێکی دەروونی ناخۆشدا دەژیت.

٣ -ململانێی چوونە پێش و کشانەوە: ئەم جۆرە ململانێیە بریتییە لەوەی کە تاک دەکەوێتە نێوان دوو بژاردەوە، یەکێکیان خۆشە و ئەویتریان ناخۆش، یەکێکیان ئەرێنییە و ئەویتریان نەرێنی، تاک دەیەوێت لە یەکێکیان بچێتە پێشەوە و لەوەیتریان دووربکەوێتەوە، چونکە ((هەموو دیاردەیەکی سروشت و هەموو کردارێکی فیکر دوو لایەنی دژ بەیەکی تێدایە: ئەرێنی و نەرێنی، کە بەردەوام لە ململانێدان بۆ ئەوەی گونجانێک لە نێوان شتە دژبەیەکەکان دروست بکات و شتێکی باشتر پێشکەش بکات، بەم شێوەیە ململانێ بەردەوام دەبێت، چونکە هێزی پاڵنەری گەشەسەندنە)) (گومەتالی، ٢٠٢١، ٢٦٣). بەڵام لەبەرئەوەی لە ڕابردوو زیانی بەرکەوتووە، یان ترسی ئەوەی هەیە کە لە داهاتوودا زیانی لێدەدات، یان زیان بە هەڵبژاردن و شتەکەی یەکەمی بگەیێنێت، بۆیە دەیەوێت پاشەکشە بکات، ئینجا هەتا تاک یەکێکیان هەڵدەبژێرێت و بڕیاری خۆی دەدات، لە بارێکی دەروونی ئاڵۆزدا دەژیت و بە دەست ئەو ململانێیەوە دەناڵێنێت.

ململانێی دەرەکی: ئەم جۆرە ململانێیە پەیوەستە بە تاک لەگەڵ تاکێکیتر، یان لەگەڵ کۆمەڵ و دامودەزگاکانی لەلایەک و

کۆمەڵ و دامودەزگایەکی تر لە لایەکی تر. لەبەرئەوەی ئێمە حەز لە هەندێک شت دەکەین و حەز لە هەندێک شت ناکەین و جیاوازییمان هەیە و چێژ لە شتە جیاوازەکان وەردەگرین و لە ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری شتەکان دەکەین، یان بۆ نموونە ((کاتێک بەیەکگەیشتنی کولتووری لە نێوان دوو کولتووردا ڕودەدات، مەرج نییە کاریگەریان لەسەر یەکتری هاوتابێت، بەگشتی کولتووره لاوازەکە دەکەوێتە ژێر کاریگەری کولتووره بەهێزەکە و بیروبۆچوون و توخمی نوێی لێ وەردەگرێت. هەندێ جاریش کولتووره بەهێزەکە بیر و بۆچوون و باوەڕ و شێواز و توخمەکانی خۆی، بەڕێگەی هێزەوە بەسەر کولتووره لاوازەکە دەسەپێنێت)). (حسن، ٢٠١٠، ٤٢). بۆیە لەو بارودۆخەدا بە دڵنیاییەوە ململانێی نێوان کەسەکان ڕوودەدات. ململانێی دەرەکی چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

١ -ململانێی ناوخۆ: لە نێوان دوو شوێن، دوو تاک، یان زیاتر، یان دوو کۆمەڵ، یان دوو شاری یەک وڵات ڕوودەدات.

٢ -ململانێی ناوچەیی: لە نێوان دوو وڵات، دوو حکوومەت، چەند وڵاتێکی یەک ناوچە ڕوودەدات.

٣ -ململانێی نێودەوڵەتی: لە نێوان چەند وڵاتێکی جیهان کە تا ڕادەیەک دوورن لە یەکتری و هەندێکیان دراوسێن، وەک ئەوەی لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهان ڕوویدا. ((ململانێ کاتێک ڕوودەدات، کە یەکێک لە کولتوورەکان خۆی پێ باڵادەست بزانێت و کولتوورەکانی دیکەش بە بچووک، کە پەیوەندی نێوانیان پەیوەندییەکی میتافیزیکییانە بێت..)) (کۆمەڵێک نووسەر، و: قەرەداغی، ٢٠٢٠، ٧٥).

### ١-٢- چەمکی کولتوور

### ١- ٢- ١- پێناسەی کولتوور

کولتوور، یەکێکە لە چەمکە ئاڵۆزەکان، ڕەهەندێکی بەرفراوان لە ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێت. بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ماددیی و نامادیی، زانستی و گیانییە کە کۆمەڵگای پێی دەناسرێتەوە. ((ژینگەیەکە کە شارستانییەتێکی دیاریکراو لێی سەرهەڵدەدات و مرۆڤێکی شارستانیی لەو چوارچێوەیدا دەجووڵێت)).(عارف، ٢٠٢٤، ٣٦).

لە پێناسەیەکی نەریتخوازی بۆ کولتوور: بریتییە لە کۆمەڵێک بیروباوەڕ، بەها، هێما، دابونەریت، زمان، هونەر، یاسا و زانین، ڕەوشت و ڕوون و ئاشکرایی مرۆڤ کە لە لایەن ئەندامانی کۆمەڵگەیەکەوە بنیات دەنرێت و دەپارێزرێت و هەروەها دەگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆی. بەشێوەیەکی گشتی کولتوور ((سیستەمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان، یان شێوەی گشتی ژیانی دەستەیەک یان چەند توێژێک لە خەڵک)). (لەتیف، ٢٠٢٢، ٤١).

### ١- ٢- ٢- چەمکە بنەڕەتییەکانی کولتوور

١. بەهاکان: یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی بواری کولتوور کە ڕەفتار و هەڵوێست و ناسنامەی مرۆڤەکان ئاشکرا دەکات. بەهاکان بریتین لە بیروباوەڕی بەردەوام سەبارەت بەوەی کە چی باشە، چی ڕاستە، چی خوازراوە، یان گرنگە. ئەو هەموو پرسیارانە، ئەو پێوەرانەن کە مرۆڤەکان پێیان مامەڵە دەکەن و بڕیار دەدەن. بۆ نموونە: لە کولتووری کوردیدا بەهاکانی وەک ڕێزگرتن لە گەورەکان، ڕاستگۆیی، بەدواداچوون بۆ دادپەروەریی و دڵسۆزیی بۆ بنەماڵە، گرنگییەکی تایبەتییان هەیە و ((لەسەر ئەو باوەڕانە دامەزراون کە خەونەکان بەدی دێنن، کە ڕێگای سەرکەوتن و خۆناسینی ڕاستەقینەن)). (موسا، ٢٠١٦، ٨٣).

لە عەرەبییەوە چەمکی "القیم" وەک وەرگێڕانی بەها لە ئەدەبیاتی کولتووریی و کۆمەڵناسییدا باو و ئاساییە. ((بەهاکان ئەو پێوەرانەن کە ڕێنمایی ڕەفتاری مرۆڤ دەکەن و ناوکی کولتوور پێکدەهێنن)). (زیدان، ٢٠٠٥، ٥٦).

٢. چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن: یاسایەکی نەنووسراون و ناڕاستەوخۆن و ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگایەکدا ڕێکدەخەن. ئەم ڕێسایانە ڕاستەوخۆ لە یاسا فەرمییەکاندا تۆمارناکرێن، بەڵکو کۆمەڵگا چاوەڕوانی پابەندبوونییان پێوە دەکات لە ڕێگەی دامەزراوە ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکانەوە و ئەگەر پێشێل بکرێن، بە زۆری کاردانەوەی نەرێنی، یان ناڕازیبوونی کۆمەڵایەتیی لێدەکەوێتەوە.

لە کولتووری کوردیدا چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن بۆ نموونە: شێوازی تایبەتی سڵاوکردن، جۆری جلوبەرگ کە ئافرەت و پیاو لە بۆنە تایبەت و گشتییەکان دەیپۆشن، یان شێوازی بەشداریکردن لە بۆنەی ماتەمینی. هەروەها چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن کە لە بەهاکانەوە سەرهەڵدەدەن و بۆ پاراستنی ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتیی

دامەزراون. بە واتایەکی تر بەهاکان وەک بیروباوەڕی گشتی بنەمای پێکهێنانی ئەو ڕێسایانەن کە لایەنێکی جێبەجێکار و پیادەکار وەردەگرن.

چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردن لە زۆربەی کولتوورەکاندا وەک دەرکەوتنی بابەتی بەها بنەڕەتییەکانن. لەکاتێکدا ئەم چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتکردنە چەمکی بنەڕەتی وەک ئەدەب، ڕێزگرتن و ڕەفتاری ڕێکوپێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام ڕەنگە لە ڕووی شێوەوشێوازی جێبەجێکردن و چڕی چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتییەکانەوە جیاواز بن.

٣. زمان: زمان یەکێکە لە ئامرازە بنەڕەتییەکانی گواستنەوەی کولتوور و واتا و ئەزموونی بە کۆمەڵ لە هەر کۆمەڵگایەکدا. زمان جگە لەوەی کە ئامرازێکی پەیوەندی ڕۆژانەیە، تێگەیشتن و جیهانبینیی مرۆڤەکان ڕوون دەکاتەوە و یادەوەری مێژوویی و ناسنامەی گەلان دەپارێزێت. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین: بەبێ زمان، کولتوور ناگوازرێتەوە. ((زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوە، بەڵکو ئافرێنەرەکەیتی؛ چونکە کۆمەڵگا لە ڕێگەی وشەسازیی و ڕستەسازیی زمانەوە لە جیهان تێدەگات)). (قانعی راد، ١٣٩٢، ١١٢). لەم ڕوانگەیەوە زمان نەک هەر ڕەنگدانەوەی کولتوورە، بەڵکو داشیدەڕێژێت. لە هەر وڵاتێکدا زمانی یەکگرتوو ڕۆڵێکی یەکگرتوو دەگێڕێت، بەڵام لەهەمانکاتدا زمانە ناوخۆیی و نەتەوەییەکان هەڵگری بەها و ناسنامەی تایبەت بە خۆیانن.

لە نەریت و کولتووری کوردیدا، زمانی کوردی تەنیا پارێزەرێکی کولتووریی نییە، بەڵکو هەڵگری یادەوەری مێژوویی نەتەوەی کوردە. چەمک و زاراوە و قسەی نەستەق، پەند، شیعری زارەکی، ئەدەبی، داستانئامێز هەموویان ڕەهەندی زمانەوانیی کولتووری کوردین. سەرەڕای سنووردرابوونی مێژوویی لە بەفەرمیکردنی زمانی کوردیدا، هەر وەک پایەی ناسنامەی کۆمەڵگای کوردی بە بەهێزی دەمێنێتەوە.

٤. هێما: هێماکان بریتیین لە چەند شتێک، نیشانەیەک، وشەیەک، یان ڕەفتارێک کە بۆ کۆمەڵێک مرۆڤ لە دەرەوەی ڕواڵەتەکانیان واتایەکی تایبەتیان هەیە. هێما ئامرازێکە کە لە ڕێگایەوە واتا و ناسنامە و بیروباوەڕ و هەست و سۆزەکانی کولتووریی دەگوازرێنەوە. هێما دەتوانێت ئاڵا، ڕەنگ، پارچە مۆسیقایەک، وێنەک، یان تەنانەت شێوازێکی جلوبەرگ بێت، کەواتە ((هێماکان بەشێکی گرنگی پێکهاتەی کولتووری پێکدەهێنن و بەها کولتوورییەکان دەردەبڕن، هەروەها ئەرکێکیشیان هەیە لە یەکگرتوویی کۆمەڵگە و سنووردارکردنیان)) (خانی، ١٣٩٥، ١١٠). لە کولتووری کوردیدا هێماکان لە ئەدەبی زارەکی، مۆسیقا، جلوبەرگ و ڕێوڕەسمەکاندا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە. ئاڵای کوردستان، جلوبەرگی کوردی، دەف و شمشاڵ لە مۆسیقای فۆلکلۆردا، و ڕەنگەکانی وەک سوور و سەوز و زەرد لەو هێمایانەن کە هەستکردن بە ناسنامەی یەکگرتوویی و بەرخۆدانی مێژوویین. ئامرازێکن بۆ بەرهەمهێنانی ناسنامەی نەتەوەیی.

٥. ئەفسانە و گێڕانەوە: ئەفسانە و گێڕانەوەکان بەشێکن لە کولتووری گەلان، کە لەو ڕێگایەوە بەها و بیروباوەڕ و ناسنامە مێژووییەکان دەگوازرێنەوە. چیرۆکگەلێک کە یارمەتیدەرن لە پاراستن و گواستنەوە و گەیاندنی بەها و بیروباوەڕی کولتووریی. ئەم چیرۆکانە، چ ڕاستەقینە، چ ئەفسانەیی، یان نیمچە ئەفسانەیی بن، پێناسەیەکیان بۆ ڕابردوو و تێگەیشتن لە ئێستا و داڕشتنی داهاتوو هەیە. بە زۆری کارەکتەری هێمایی و ڕووداوی واتادار و تەوەری بەهای وەک: پاڵەوان، قوربانیدان، دادپەروەری، قارەمانێتی، یان دڵسۆزی لەخۆدەگرن و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە. ئەفسانە و گێڕانەوەی داستانی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانەوانیدا. چیرۆکی "کاوە ئاسنگەر" و "قەڵای دم دم" و "سیامەند و خەجی"، ئەمانە ئەو نموونانەن کە نەک هەر باسی بەرەنگاربوونەوەو ستەمکاریی دەکەن، بەڵکو لە نوێنەرایەتیکردنی خۆشەویستیی و ئازایەتیی و بەرخۆدانی کولتووریشدا ڕۆڵیان هەیە. ئەم گێڕانەوانە لە یادەوەریی کوردیدا ماونەتەوە.

٦. بەچەقکردنی کولتووریی: بەچەقکردنی کولتووریی، یان ناوەندکردنی کولتووریی خۆی، چەمکێکی گرنگە لە مرۆڤناسیی کولتووریی و کۆمەڵناسییدا کە ئاماژەیە بۆ حوکمدان لەسەر کولتوورەکانی دیکە لەسەر بنەمای پێوەرەکانی کولتووریی خۆی. ئەم دیاردەیە زۆرجار دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن و پێشوەختە بڕیاردان و هەڵاواردن و تەنانەت ڕق و کینە لە نێوان دەستە و کۆمەڵە کولتوورییە جیاوازەکاندا، چونکە ((خولیای پێوانەکردن و حوکمدانی کولتوورەکانی دیکە بە بەکارهێنانی ستاندارد و پێوەرە کولتوورییەکانی خۆی، زۆرجار دەبێتە هۆی هەستکردن بە باڵادەستی کولتوور)). ( Harris, 2007,

34).

٧. ڕێژەگەرایی کولتووریی: چەمکێکی سەرەکییە و جەخت لەسەر بنەمای تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنی هەر کولتوورێک لە چوارچێوەی سیستەمی واتا و بەهای خۆیدا دەکاتەوە، نەک بە پێوەرەکانی کولتوورێکی دەرەکی، یان کولتوورێکی باڵادەست. ((ڕێژەگەرایی کولتووریی ناچارمان دەکات کە بیروباوەڕ و پراکتیکەکانی کولتوورەکانی دیکە لە بەرامبەر پێشبینییەکانی خۆماندا نەپێوین، بەڵکو لە چوارچێوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتیی و بەهای خۆیاندا لێیان تێبگەین)). (Harris, 2007, 36). ئەم ڕێبازە وەڵامێکە بۆ دوورکەوتنەوە لە حوکمدانی سادە و بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی قووڵترە لە جیاوازیی نێوان کولتوورەکان. هەرچەندە ئالنگاریی پراکتیکی وەک ململانێ لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ، یان نایەکسانی ڕەگەزگەرایی و زایەندیی لە هەندێک دۆخدا جێی مشتومڕن، بەڵام بە گشتی، ڕێژەگەرایی کولتووریی وەک ئامرازێکی شیکاریی و ئاکاریی ڕێگە بە گفتوگۆ و لێبوردەیی و لێکۆڵینەوەی دادپەروەرانە دەدات. لە دونیای فرە کولتووریی ئەمڕۆدا، ئەم ڕێبازە نەک هەر خوازراوە، بەڵکو وەک پێویستییەکی هەمیشەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٨. کولتووری بەرجەستە/بەرهەست: بەگشتی کولتوور بەسەر دوو ڕەهەندی جیاوازدا دابەشکراوە: کولتووری بەرجەستە و کولتووری بەرهەست. ئەم جیاوازییە یارمەتی مرۆڤ دەدات کە هەم ڕەهەندە بەرجەستە و هەم چینە واتاییەکانی کولتوور بپشکنن. کولتوری بەرجەستە: شتەکان، شوێنەوارەکان، تەکنەلۆژیاکان، جلوبەرگ، تەلارسازی، خۆراک و توخمە بەرجەستەکانی تر لەخۆدەگرێت؛ لەکاتێکدا کولتووری بەرهەست: چەمکی وەک زمان، بیروباوەڕ، چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوت، بەها و هێماکان لەخۆدەگرێت.

٩. ژێر کولتوور: بریتییە لە ژمارەیەک ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بەها و بیروباوەڕ و هێما و شێوازی ژیان، کە دەستە و کۆمەڵەیەک لەناو کولتوورێکی گەورەتردا "کولتووری باڵادەست" پەیڕەوی دەکەن، بەڵام مەرج نییە لە دژایەتی، یان ململانێدا بن لەگەڵیدا، چونکە ((ژێر کولتوورەکان بەشێکن لە کولتووری گشتی بەڵام تایبەتمەندی خۆیان هەیە؛ لەوانەیە لەسەر بنەمای تەمەن، نەتەوە، ڕەگەز، چین، یان بەرژەوەندی بەدیاربکەون، بەڵام هێشتا لە چوارچێوەی پێکهاتەی کولتووری گشتیدا دەمێننەوە)). (خزاعی، ١٣٩٢، ٧٦).

١٠. پەشۆکانی کولتووریی: دۆخێکی دەروونییە کە مرۆڤ لە کاتی چوونە ناو کولتوورێکی نامۆدا دووچاری دەبێت. دۆخێکی تێکەڵاوی سەرلێشێواویی و نامۆبوون و دڵەڕاوکێ و هەندێکجاریش بەرەنگاری، یان بێزارییە. ئەم دیاردەیە کاتێک ڕوودەدات کە تاک ڕووبەڕووی سیستەمی بەها و زمانەوانیی و پەیوەندیی جیاواز دەبێتەوە کە لەگەڵ بیرکردنەوە و ئەزموونی ژیانیدا ناگونجێت.

١١. کولتوورسازی: بریتییە لە پرۆسەی کارلێککردن و کاریگەریی یەکتر لە نێوان دوو کولتوور، یان زیاتردا، کە تاک، یان دەستە و کۆمەڵەکان وردەوردە ئاشنای توخمە کولتوورییە بیانییەکان دەبن و بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەندێک لە تایبەتمەندییە کولتوورییە نوێیەکان، یان بەها کولتوورییەکان وەردەگرن، لەهەمانکاتدا لە هەندێک دۆخدا ناسنامەی کولتووریی خۆیان دەپارێزن. ئەم پرۆسەیە دەتوانێت ئەرێنیی، یان نەرێنیی بێت و بەپێی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی دەگۆڕێت. ((گۆڕانکاریی کولتووریی کاتێک ڕوودەدات کە تاکەکان، یان کۆمەڵگاکان هەندێک بەهای کولتووریی بیانی وەربگرن، بەبێ ئەوەی واز لە کولتووری ڕەسەنی خۆیان بهێنن)). (زیدان، ٢٠٠٥: ١١٥).

### ١-٣- چیەتی ململانێی کولتووریی

### ١-٣ - ١- پێناسەی چەمکە سەرەکییەکانی ململانێی کولتووریی

ململانێی کولتووریی: ململانێی نێوان دوو، یان زیاتر لە سیستەمی بەها، بیروباوەڕ، یان ڕەفتارێک کە لە چوارچێوەی کولتووری جیاوازدا سەرهەڵدەدەن و پەرەدەسێنن. ئەم ململانێیە دەتوانێت لە ڕووی زمان، نەژاد، ئایین، سیاسەت، یان شێوازی ژیانەوە خۆی دەربخات. جیاوازییەکانیان لە هۆکار، ئامانج، ڕەفتار و هەڵسوکەوتە کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێت، ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی ناکۆکی، ناتەبایی و شەڕی کەلتووریی. بەو پێیە ئاستی ململانێی کەلتووریی لەسەر بەرزبوونی تێڕوانینە جیاوازەکان و نەبوونی بوارێکی هاوڕا دێتە ئاراوە. ئەم ململانێیانە لە ژیانی تاک، لە کۆمەڵگە، لە کاری سیاسیی،

ایین، نەتەوە، ژن و پیاو، کۆچ، ئەدەب و هونەر دا بەدیدەکرێن و هەن.
ناسنامەی کولتووریی: نوێنەرایەتیکردنی تاک، یان کۆمەڵگەیەک دەکات و بۆ خۆیان لەسەر بنەمای زمان، ئایین، نەتەوە، مێژوو و یادەوەریی بەکۆمەڵ ڕێککەوتوون. ئەمە بۆ ئەوەیە کە خۆت لە ناو یەک کولتوور دا دەبینیتەوە. کەچی لە دۆخێک: کە تاکێک، یان دەستەیەک خۆی لە فەزای سنووری نێوان دوو کولتوور، یان زیاتردا ببینێتەوە، بەبێ ئەوەی بە تەواوی سەر بە یەک کولتوور بێت. ئەوکاتە دۆخەکەی دەگۆڕێت و دەچێتە دۆخێک کە پێیدەگووترێت: دۆخی "نێوان کولتووریی" ئەم دۆخەش یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتییەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم.
کولتوور بە گشتی وەک کۆمەڵە باوەڕ و ڕێساکانی تایبەت بە دەستەیەک دەناسرێتەوە، کە ڕەفتار و تێگەیشتنەکانیان ناسنامە و ڕێڕەوەی کارەکانیان پیشاندەدات. بۆیە لە کاتی تێکەڵبوونی دەستە کولتوورییە جیاوازەکاندا، ئەم جیاوازییە دەبێتە بنەمای ململانێ. ((ململانێی کولتووری بەشێوەیەکی گشتی وەک ئەو بارودۆخە دیاریدەکرێت کە لەکاتێکدا دوو، یان زیاتر لە دەستەیەکی کولتووری جیاواز لە پەیوەندیی و بەریەککەوتن دابن، جیاوازییان لە ڕووی ڕەفتار، باوەڕ، بەها و چۆنیەتیی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە سەرچاوەی ناکۆکی و ناتەواویی)). (حەمە ساڵح، ٢٠١٧، ٦٤).

**١-٣-٢- ململانێی کولتووریی لە ئەدەبی کوردیدا**

ململانێی کولتووریی لە ئەدەبدا، یەکێکە لەو تەوەرە بەردەوامانەی کە ڕەنگدانەوەی ناکۆکی و بەریەککەوتن و هەندێکجاریش پێکەوەژیانی گرژییانەی نێوان کولتوورە جیاوازەکانە لە چوارچێوەی شوێنکاتێکی دیاریکراودا. ئەم ململانێیە دەتوانێت لە ئەنجامی بەریەککەوتنی کولتوورە ڕەسەنەکان لەگەڵ کولتوورە جلەوگیرەکان، نەریت لەگەڵ مۆدێرنیتە، ڕۆژهەڵات لەگەڵ ڕۆژئاوا، یان تەنانەت نەوە جیاوازەکانی ناو کولتوورێکدا بێتە ئاراوە. لەوبارەیەوە "ئێدوارد سەعید" ئاماژە بەوە دەکات کە ((ئەدەب تەنیا ڕەنگدانەوەی کولتوور نییە، بەڵکو بەشێکی چالاکە لە ململانێی دەسەڵات لە نێوان کولتوورەکاندا؛ کە ڕۆژهەڵات نەک وەک واقیع، بەڵکو وەک پێکهاتەیەکی ئەدەبی و گوتاری نوێنەرایەتی دەکرێت)). (سعید، ١٣٨، ٣٢). سەکۆیەکە بۆ دیالۆگ و ڕەخنە و بنیاتنانەوەی ناسنامەی کولتووریی. ململانێی کولتووریی وەک تەوەرێکی ئەدەبی لە ڕۆمان و شیعر و شانۆنامە و کورتە چیرۆکدا، زۆرجار وەک ململانێیەکی ناوەکی نێوان کارەکتەرەکان، ململانێی نێوان نەوەکان، یان ململانێی نێوان تاک و کۆمەڵگە پیشاندەدرێت. ئەدەب هەندێکجار بە زایەڵەیەکی ڕەخنەیی، هەندێکجار لە ڕوانگەی فەلسەفی، هەندێکجاریش لە ڕوانگەی دەروونییەوە لەم ململانێیە دەکۆڵێتەوە.
لە ئەدەبی کوردیدا، بەکارهێنانی بابەتی ململانێی کولتووریی مەبەستی بەرفراوانتری هەیە، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە ناوچەیەک زیاتر لە نەتەوەکانیتر ستەمی بەرامبەر دەکرێت، بەریەککەوتنی لەگەڵ چەندین کولتووری جیاواز و بەڕێوەبردنی سیاسیی جیاواز هەیە. لەبەرامبەریشدا کولتوور و ناسنامەی نەتەوایەتیی خۆی دەپارێزرێت و خاوەن هەڤەنگێکی خۆڕاگرییە. ((ئێمەی کورد هەمیشە لە گەرمەی خەبات و بەرخۆداندا ژیاوین؛ چ لەسەر شەقام، یان لە شیعر و ڕۆماندا، بە دەنگێکی خۆمان دەربڕیوە)). (عەلی، ٢٠١٥، ٢١).
ململانێی کولتووریی بابەت و پرس و تەوەرێکی گرنگە لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیدا کە لە زۆرێک لە بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆماننووسانی کورددا دیارە. ئەم ململانێیانە بەزۆری لە نێوان نەریت و مۆدێرنیتە، کولتووری ڕەسەن و کولتوورێکی جلەوگیر، بۆ نموونە: کولتووریی ڕۆژئاوایی، یان کولتوورێکی باڵادەستی سیاسی، یان لە نێوان نەوە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیدا ڕوودەدەن. یەکێک لە تەوەرە گرنگ و بەردەوامەکانی دەقە ئەدەبییەکان ململانێی کولتوورییە. ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ پێکدادان و ناتەبایی نێوان دوو سیستەمی کولتووریی، یان زیاتر کە لە ئەنجامی گۆڕانکارییە مێژوویی، کۆمەڵایەتیی، یان جوگرافییەکان کۆبوونەتەوە. لەم بارەیەوە چەند تەوەرێکی سەرەکی هەن کە لە بەرهەمی ئەدیبانی کورد ڕەنگیداوەتەوە ئەوانیش بریتین لە:
١- نەریت لە بەرامبەر مۆدێرنیتە: زۆرێک لە بەرهەمەکانی ئەدیبانی کورد باس لە ململانێی نێوان بەها نەریتییەکان و پێشهاتە مۆدێرنەکان دەکەن. بە تایبەت لە چیرۆک و ڕۆمانی هاوچەرخدا ململانێی نێوان هەڵوێستە نەریتخوازەکان و تێڕوانینی مۆدێرنیستی گەنجان بەرچاوە. بۆنموونە "فەرهاد پیرباڵ" ئەم بابەتەی بەتەواوی لە ڕۆمانی "هوتێل ئەوروپا" بۆ خوێنەرانی ڕونکردۆتەوە.

٢- زمان و ناسنامە: لە دەقە ئەدەبییە کوردییەکاندا، پاراستنی زمانی کوردی وەک ناسنامەیەکی کولتووریی لە بەرامبەر هەوڵدان بۆ سەپاندنی زمانە باڵادەستەکان وەک: "فارسی، تورکی، یان عەرەبی" ئەدیبانی کورد لە ڕێگای زمانی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و وتارەوە هەوڵی پاراستنی کولتووری کوردی و گۆڕانکارییە کولتوورییەکان دەدەن، زۆربەیان وابیر دەکەنەوە کە ((بەکارهێنانی زمانی کوردی هۆکارێکە بۆ پاراستنی ناسنامەکەم، بە ئەرکی خۆم دەزانم کە زمان و کولتووری خۆم بپارێزم)) (عبدالله، ٢٠٢٢، ١٤٠). کە ئەمە ئەرکیان بێت، بێگومان بەرپەرچی کولتووری سەپێنراو و زمانە باڵادەستەکانیش دەدەنەوە.

٣- ژن و کۆمەڵگا: لە ئەدەبی هاوچەرخی کورددا، ململانێی نێوان ڕۆڵی نەریتی ژن لە کۆمەڵگا و خواستی ژن بۆ ئازادیی و یەکسانی یەکێکە لە گرنگترین تەوەرە کولتوورییەکان. بەرهەمی ئەدیبانی کورد ئەم ململانێیەیان لە کولتووری کوردی و هەروەها کولتووری بیانی بە باشی وێنادەکەن، هەندێکجاریش بە پێچەوانەی ئەمەوە.

٤- ئاوارەیی و دەربەدەریی: بەشێک لە ئەدیبانی کورد کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین، ((بە هۆی جیاوازی نێوان تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەک، لە تاک و کۆمەڵگە و نەتەوەیەکی دیکە)) (عبدالله، ٢٠٢٢، ٦٧). لە بەرهەمەکانییاندا باس لە ململانێی کولتووریی نێوان جیهانی خانەخوێ "ئەو وڵاتەی لێی دەژین" و کولتووریی کورد دەکەن.

٥- ململانێی چینایەتیی و کولتووریی: لە هەندێک ڕۆمان و چیرۆکدا ململانێی چینی گوندنشین و شارنشین وەک جۆرێک لە ململانێی کولتووریی دەخرێتەڕوو. بۆ نموونە: کولتووری سادە و نەریتی گوند لە بەرامبەر بێ ناسنامەیی، یان فرەیی کولتووری شار.

## ٢- ململانێی کولتووریی لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"ی "فەرهاد پیرباڵ"دا.

ڕۆمانی "هۆتێل ئەورووپا" لە نووسینی "فەرهاد پیرباڵ" یەکێکە لە بەرهەمە دیارەکانی ئەدەبی کۆچبەریی و تاراوگەنشینی کورد ، کە تیایدا بە ڕوانگەیەکی ڕەخنەیی و دوای کۆلۆنیالیزم ڕووبەڕووبوونەوەی جووت کولتووریی ڕۆژهەڵاتیی و ڕۆژئاوایی پیشان دەدرێت. ئەم بەرهەمە نەک هەر باس لە پرسە کولتوورییی و ناسنامەییەکانی کەسی تاراوگەنشین دەکات، بەڵکو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی نەریتخوازیی و پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیش لە دەقی گێڕانەوەی خۆیدا ڕەنگدەداتەوە. کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لە فەزایەکی نێوان کولتوورییدا ڕووبەڕووی ئەزموونی جۆراوجۆری نامۆبوون و لەدەستدان دەبێتەوە، کە نەدەتوانێت بە تەواوی بگەڕێتەوە بۆ کولتوورە ڕەسەنەکەی و نە بە تەواوی تێکەڵ بە کولتوورە نوێیەکە دەبێت.

ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا" وەک بەرهەمێکی دوای کۆلۆنیالیزم، بەپشتبەستن بە بۆچوونی بە ئاگایی نووسەر، ململانێ کولتوورییەکان نەک وەک بەریەککەوتنێکی دووانەیی، بەڵکو وەک پرۆسەیەکی ئاڵۆز و دووبارە پێناسەکردنەوەی ناسنامە و فەزای نێوانیان دەخرێتەڕوو. کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە لە ڕێگای ئەزموونی کەسیی و کۆمەڵایەتیی خۆیانەوە بۆشاییەکانی نێوان کولتوورە جیاوازەکان تاقیدەکەنەوە، ئەم بۆشاییانە بەردەوام لە مێشک و دەروونییاندا ئامادەن. یەکێک لەو نیشانە بەپێز و جوانانەی ئەو ڕۆمانە ئەوەیە کە چۆن ململانێی کولتووریی لەناو ژیانی تاکەکەسەکان، بە تایبەتی لە کوردێکی تاراوگەنشین، بەرجەستەدەبێت و کار لەسەر هەست و نەست و کەسایەتیی و بیرکردنەوەی دەکات و چالاکییەکانی خۆناسینی کولتووریی و نەتەوەیی ڕوون دەکاتەوە. ((ئێمە لە ڕۆژاوا زیاتر دەرفەتمان هەیە کە خۆمان بناسین، چونکە لێرە "لە ئەوروپا" دوو شێوەی دژبەیەک، دوو دیاردەی ناکۆک، دوو فەرهەنگی جیاواز و دوو ڕەنگی ناتەبا بەرانبەر یەکتر ڕادەگرین و بەراوردییان دەکەین)). (شاکەلی، ٢٠٢١، ٧٣).

ئەم ڕۆمانە لە ئاستی بەرەوپێشبردنی بابەت، یەکێک لەو کارانەی کە بە ڕوونی و ڕاستگۆییانە پیشانی دەدات، تێکچوونی نەتەوایەتیی، کولتووریی و هزریی کوردە لە ئەوروپا. تاکی کورد لە ناو ململانێ کولتوورییەکانی "ئەوروپا"دا نەگەیشتۆتە ئەو بەختەوەرییەی کە بۆی دەگەڕێت. ((زۆر جار ململانێی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگەوە لە ئەنجامی کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان دروست دەبن کە دەبێتە هۆی نائارامبوونی تاک تا بەختەوەربوونیان)). (یەحیا، ٢٠١٩، ٤٤).

"فەرهاد پیرباڵ" لە ڕووی فەلسەفی، نەتەوەیی و خۆناسینەوە، ململانێی نێوان کولتووری "کوردی" و کولتووری "ئەوروپایی"

بە شێوەیەکی هزریی و درامی وێنادەکات. بە تایبەتی لە پەیوەندی نێوان ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیی، خۆیی و بێلانەیی. ئەم ڕۆمانە ڕووناکییە لەوەی چۆن تاکێکی کوردی تاراوگە لە سنوورێکی فراواندا. لەناو ململانێی نێوان دوو جیهانی ناهاوپەیمان، تێکدەچێت و ناسنامەی خۆی دەنووسێتەوە.

### ٢- ١- قەیرانی ناسنامە

دۆخێکی دەروونیی و کۆمەڵایەتییە کە تاک، یان دەستە و کۆمەڵێک لە ناسینەوە، قبوڵکردن، یان دووپاتکردنەوەی ناسنامەکەیاندا دووچاری سەرلێشێواویی، گومان، یان ململانێ دەبێت. ((ئەم قەیرانە لەوە دێت، کەنەتوانی بەتەواوەتی گوزارش لە بوونی خۆت بکەیت)). (عەبدولخالق، ٢٠١٧، ٦٦٨). ئەم قەیرانە بەزۆری لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە کولتووریی، کۆمەڵایەتیی، یان دەروونییەکان ڕوودەدات. یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ململانێی کولتووریی، سەرهەڵدانی قەیرانی ناسنامەیە. ئێستا لە ڕۆژهەڵات دوو ئاراستەی جیارواز بۆ ڕۆژئاوا لە ئارادان ((ئەم دوو ئاراستەیە بریتیین لە: ئاراستەی ڕەتکردنەوەیەکی ڕەها و قبووڵکردنێکی ڕەها)). (بێرنارد لویس، و: حاجی زادە، ٢٠٠٨، ٤). واتە: ئەوروپایی هەریەکێک لەم دوو ئاراستەیە، یان بەڕەهایی ڕۆژئاوایان قبووڵە، یان بە ڕەهایی ڕەتیدەکەنەوە.

ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا" وێنەیەکی قووڵی قەیرانی ناسنامە لە بارودۆخی کۆچی کولتووریی و دەربەدەریدا دەخاتەڕوو. کارەکتەری سەرەکی ئەم ڕۆمانە، لە فەزای نێوان دوو جیهاندا گیردەخوات، جیهانی نەریتی و نەتەوەیی کوردستان، جیهانی مۆدێرن و نامۆی ئەوروپی. لە خوارەوەدا لە گرنگترین لایەنەکانی قەیرانەی ناسنامەیی دەکۆڵینەوە:

### ٢- ١- ١- سەرگەردان لە نێوان جووت کولتووردا

لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"دا کارەکتەری سەرەکی ناتوانێت بە تەواوی بگەڕێتەوە بۆ نەریتی کورد، هەروەها توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ نەریت و بەها و چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کۆمەڵگەی ئەوروپاییدا نییە. واتە: دەکەوێتە دۆخی سێیەم، ئەم دۆخە مامناوەندە و دەبێتە هۆی سازاندنی ناسنامەیەکی ناجێگیر و پارچەپارچە. ((دوای ئەو هەموو ساڵ نیگارکێشان و کاری هونەرییە لە پاریس، بیرم لەم قسانەی "مسیۆ لووسیانا" دەکردەوە و بەخۆمم دەگووت: ڕاستە ئەوە یازدە ساڵ زیاترە من لە ئەوروپا نیگاردەکێشم؟. من کێم؟ گەیشتوومەتە چی؟. چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چییە؟..)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٧٣). لەم کەوانەبەندییەدا "فەزای سێیەم" بە ڕوونی دیارە، کە مرۆڤ نە بە تەواوی لە کولتووری یەکەم دادەبڕێت و نە لەگەڵ کولتووری دووەمدا ئاوێتەدەبێت. واتە: کەسایەتیی کارەکتەر خۆی نەک هەر لە نیشتیمان دادەبڕێت، بەڵکو نەیتوانیووە خۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی نوێشدا بگونجێنێت.

سەرگەردانی نێوان کولتوورەکان دۆخێکی ئاڵۆز و بە ئازارە، مرۆڤ لە نێوان دوو جیهانی جیاوازدا بە هەڵواسراویی دەمێنێتەوە؛ ناتوانێت خۆی لە ڕەگوڕیشەی خۆی دووربخاتەوە، هەروەها ناشتوانێت بە ئارامی خۆی لە کولتوورێکی نوێدا بدۆزێتەوە، چونکە ((ناسنامەی کولتووری و ژیاریی هەر نەتەوەیەک چارەنووسی نەگۆڕ و خەسڵەت و سیفەتی هاوبەشی هەموو تاکەکانی نەتەوە پێکدێنێت)). (عبداللە، ٢٠٢٢، ٨٤). بەهۆی دروستبوونی ئەم دۆخە ئاڵۆزە، پچڕان دروست دەبێت، ئەم پچڕان و دووانەیە کە هەندێکیشی ململانێیەکی بێدەنگ دەکات؛ ململانێیەک لە نێوان ڕابردوو و ئێستا، لە نێوان ئەوەی کە هەیە و ئەوەی دەبێت ببێت. ((پیاوێکی گەنجی قوتابیی دکتۆرا لە زانکۆی سۆربۆن، خاوەن سێ هوتێلی لووکس، هەر یەکەیان لە پایتەختێکی جیاوازی دنیا.! ئایا باندەستی مردنی باوکی بوو؟ ئایا هەستێکی کافکایی و نادیاری جوولەکانە بوو؟ ئایا کۆستی عەشقێک، یان جودابوونەوەیەک بوو؟یان سەرچاوەکەی، لە نەخۆشییەکی کوشندەوە هەڵقووڵابوو؟ نەمدەزانی. من زۆرم پێ ناخۆش بوو کە دەمدیت "مسیۆ لووسیانا" ئادەمیزادێکی هێندە دڵ چاک و ڕۆشنبیر، نائومێدییەکی لەناکاو بکرۆژێت و ئاوها ڕۆحی بکوژێتەوە..)). (پیربال، ٢٠٢٠، ٩٩). لەم ڕۆمانەدا "مسیۆ لووسیا" گەنجێکی جوولەکەیە سەرگەردان و عاشقی کچێکی ئێرانییە، لە نێوان عاشق و دوو کولتووریی جیاواز کەوتۆتە دۆخێکی ئاڵۆز، لەبەر ئەوەی ناتوانێت خۆی لە ڕەگوڕیشەی کولتووری خۆیی دووربخاتەوە و سەرهەڵبگرێت و بەدوای ئەو کچەوە بچێتە ئێران، لەوێش ترسی ئەوەی هەیە لە کولتووری ئێرانییدا لەبەر ئەوەی جوولەکەیە قبووڵ نەکرێت.

### ٢- ١- ٢- نامۆبوون و دوورخستنەوەی کولتووریی

نامۆبوونی کولتووریی دۆخێکە کە تاک، یان دەستە و کۆمەڵێک هەست بە نامۆیی، جیاوازیی، یان دابڕان دەکات. ئەمەش بۆ

بێتوانایی لە خۆگونجاندن لەگەڵ بەهاکان، بیروباوەڕەکان، یان شێوازی ژیانی کولتوورێک دەگەڕێتەوە. لەم پرۆسەیەدا بەهۆی جیاوازیی کولتووریی، بەها، یان زمانەوە ئەم تاکە، یان ئەم دەستە و کۆمەڵە لە قبووڵکردن، یان لە بەشداریکردن دوور دەخرێتەوە. نامۆبوون یەکێکە لە پێکهاتەکانی قەیرانی ناسنامە و لە ئەنجامەکانی ململانێی کولتووریی دێتەئاراوە.

لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا" کارەکتەرەکە هی زێدی خۆی نییە، لە ڕۆژئاواش قبووڵ ناکرێت. ئەو شوێنەی لێشی دەمێنێتەوە هێمای هەڵپەساردنی کولتووریی و بێماڵیی و ناحاڵیبوونە. ((ئێمە هەموومان، نە وڵاتی خۆمان جێگامان بۆ دەکاتەوە، نە وڵاتی ڕۆژئاواش ئامادەن بەخێومان بکەن، لە کۆتاییدا، ئێمەی ڕۆژهەڵاتی، هەریەکەمان بەشێوەی تایبەتی خۆمان، هەتیوین)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٣). ئەم دۆخە لەگەڵ چەمکی "بێ ماڵی و ناحاڵیبوونەی کولتووریی"دا یەکدەگرێتەوە، کە لە ئەدەبی کۆچبەرییدا باسکراوە. لە ڕوانگەی "ئێدوارد سەعید"ەوە ئەم بێماڵ و حاڵییە بەشێکە لە ئەزموونی دەربەدەریی کە لەهەمانکاتدا ئازاربەخشە. (سەعید، ١٩٩٩، ٢٣).

### ٢- ١- ٣- جیاوازیی لە زمان و بیرکردنەوەدا

جیاوازیی زمان و بیرکردنەوە چەمکێکە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی نزیکایەتیی زمان وەک ئامرازی دەربڕین و بیرکردنەوە وەک پرۆسەیەکیی دەروونیی. بە پێی ئەم بۆچوونە زمان تەنیا ئامرازێک نییە بۆ گەیاندنی بیرکردنەوە، بەڵکو چوارچێوەیەکە کە شێوازی بینینی مرۆڤەکان دیاردەخات. بۆیە ئەو کەسانەی کە بە زمانی جیاواز قسەدەکەن، لە بەرامبەر دەوروبەرییان جیاواز دەردەکەون. ئەم جیاوازییە دەتوانێت لە شتگەلێکی وەک دروستبوونی وشە، ڕستەسازی، یان تەنانەت تێگەیشتن لە کات و شوێن و ناسنامەدا خۆی دەربخات. هەروەها ئەم جیاوازییە دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی دەوڵەمەندکردن، یان ئاڵنگارییەک بۆ گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان، بەو پێیەی وەرگێڕانی وردی ئەزموون و بیرکردنەوە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە هەمیشە جۆرێک لە پچڕانی واتا، یان لێکدانەوەیی لەگەڵ دایە.

"عیزەددین مستەفا ڕەسوول" لە بەرهەمەکانیدا باس لە پەیوەندیی نێوان زمان و بیرکردنەوە دەکات، پێیوایە ئاوەز و هۆشمەندیی کورد چوارچێوەیەکی تایبەتی جوانیناسیی و ئاکاری لە پێوەندی لەگەڵ زمانی کوردیدا هەیە. بوونی زمان مەرجێکی پێویستی چالاکی تەشەنەسەندووی بیرە. بە وتەی خۆی: ((زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بە دەم بەرەوپێشچوونی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییەوە پەیدا دەبێت)). (ڕەسوول، ٢٠٠٥، ٩).

لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"دا زمان وەک ئامرازێک بۆ ناسینەوە دەبێتە ئاڵنگاریی ناوەکیی بۆ کارەکتەر. کارەکتەر ناتوانێت بە زمانی دایک چەمکی نوێ بگەیەنێت، زمانی نوێش بۆی هەڵگری هەست و سۆز نییە. ((مرۆڤی ئەوروپایی لە چاو مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی، زۆر بەهرەمەندترن بۆ فێربوونی زمان.. بۆ وا دەڵێی؟ ئەمەتا تۆش، جگە لە زمانەکەی خۆت، زمانی فەڕەنسی و فاسی و عەرەبیش دەزانیت)). (پیربال، ٢٠٢٠، ٧٧). لێرەدا زمان لەبری ئەوەی ئامرازێک بێت بۆ دەربڕین، بووەتە بەربەست لەبەردەم خۆنواندن و نوێنەرایەتیکردنی خود. واتە کاتێک کارەکتەری سەرەکی ڕووبەڕووی زمانە جیاوازەکان دەبێتەوە، قەیرانێکی ناوەکیی بۆ دروست دەبێت، چونکە زمانی دایک بێتوانایە لە گەیاندنی ئەزموونی نوێ و زمانی نوێش نامۆیە بۆ دەربڕینی هەستەکانی. ئەم ناکارامەیی زمانییە لە ڕۆمانەکەدا دەرکەوتێکی دیکەی ململانێی کولتوورییە.

### ٢- ١- ٤- ململانێ لەگەڵ ڕابردوو و بێتوانایی لە بنیاتنانەوەی ناسنامە

ململانێ لەگەڵ ڕابردوو و بێتوانایی لە بنیاتنانەوەی ناسنامە دۆخێکی دەروونیی، مێژوویی، یان کولتوورییە کە تاک، یان کۆمەڵگا ناتوانێت چ لە شێوەی یادەوەریی، شکست، یان وابەستەبوون بە نەریتەکانەوە لەگەڵ ڕابردووی خۆیدا ڕێکبکەوێت. لەم دۆخەدا ڕابردوو نەک وەک بەشێک لە مێژوویی زیندوو، بەڵکو وەک: بارێکی قورس و زیندوو، سێبەرێک دەخاتە سەر ئێستا و داهاتوو. ((تۆ هەرگیز ناتوانیت ناسنامەی خۆت و ناسنامەی کورد لە ڕێگەی نیگارکێشانەوە بگەیەنیتە ئەوروپا، چونکە ئێوەی کورد هەرگیز ناتوانن لە ڕووی هونەرییەوە مونافەسە لەگەڵ ئەوروپا بکەن. دوای ئەم هەموو ساڵ نیگارکێشان و کاری هونەرییە لە پاریس، بیرم لەم قسانەی لووسیانا دەکردەوە و بەخۆمم دەگووت: ڕاستە! ئەوا یانزە ساڵ زیاترە من لە ئەوروپا نیگار دەکێشم؟.. من کێم؟.. گەیشتوومەتە چی؟.. چیم؟ من لە ئەوروپا مانام چییە؟)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٧٣). لێرەدا تاک: لە لایەکەوە، لە یادەوەریی، بەها، یان هەندێکجار لە نارسیزمی کولتووریدا گیر دەخوات، کە لەلایەن ئەوانیترەوە بەرامبەری ئەنجام دەدرێت، لە لایەکیترەوە، هێز و توانا و بوێریی نییە بۆ بنیاتنانەوە، یان ناتوانێت "خۆی" لە چوارچێوەی

هەلومەرجی نوێدا پێناسەبکاتەوە. ئەم بێتواناییە دەتوانێت ببێتە هۆی قەیرانی ناسنامە و هەستکردن بە لەدەستدان و ناسەقامگیری کولتووریی و ململانێی ناوەکیی نێوان نەریت و مۆدێرنیتە. لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەورووپا" کارەکتەری سەرەکی جۆرێک لە پچڕان لە ڕابردوو، لەهەمانکاتدا دەیەوێت کولتووری دایک ئەزموون بکات، بەڵام ناتوانێت وێنەیەکی نوێ لە خۆی بسازێنێت. واتە: کارەکتەر کەوتۆتە هەلومەرجێک نە لە دۆخی نەریتی دایە، نە لە دۆخی مۆدێرنیتەدا؛ نە لە ناوخۆ، نە لە دەرەوەی وڵات. ((ئەگەر ئێوە دەتانەوێ بەردەوام لە ناو کولتووری خۆتاندا و بەهەمان نەریتەکانی وڵاتی خۆتانەوە لە ئەوروپا بژین .. بۆچی ئەم هەمووماندووبوون و ناخۆشییەتان دایە بەر خۆتان و تا بگەنە ئێرە؟)). (پیربال، ٢٠٢٠، ٥٧).

## ٢- ٢- ململانێی بەها کولتوورییەکان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

ناکۆکی بەها کولتوورییەکان ئاماژەیە بۆ پێکدادان، یان ناکۆکی نێوان سیستەمی بەها جیاوازەکان کە بەزۆری لە ئەنجامی بەرکەوتن و کارلێکی نێوان کولتوورە جیاوازەکاندا سەرهەڵدەدەن. هەر کولتوورێک کۆمەڵێک بەها و بیروباوەڕ و ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە کە ڕەفتاری تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیی ئەندامەکانی لە قاڵب دەدەن. ((لە کۆمەڵگای کوردیدا، گەشەپێدانی شارستانیی و بەرزبوونی ڕۆڵی میدیایی نوێ و کولتووری بێگانە، هۆیەکی سەرەکی گۆڕینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. ئەم گۆڕانکارییانە، شەڕی بەهاکانی نێوان کەلتووری کوردی و کولتووری بێگانە توندتر کردووە)). (سەعید، ٢٠١٤، ٥٩). بۆیە کاتێک دوو کولتوور، یان زیاتر بەریەکدەکەون بەهاکانی یەکێکیان لەگەڵ بەهاکانی ئەوی دیکەدا ناگونجێت، یان ناکۆک دەبن. ئەم ململانێیانە زۆرجار لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆیان دەردەخەن؛ بۆ نموونە لە پرسەکانی پەیوەست بە پەروەردەکردنی منداڵ، ڕۆڵی ڕەگەزیی، ئازادییە کەسییەکان، جلوبەرگ، دابونەریت، ئایین و سیاسەت. لەم جۆرە بارودۆخانەدا ڕەنگە مرۆڤەکان دوچاری سەرلێشێواویی، قەیرانی ناسنامە، یان هەستکردن بە ڕەتکردنەوە و تێگەیشتن لە یەکتر قورس بێت. بۆیە ململانێی بەها کولتوورییەکان تەنیا ئاڵنگارییەک نییە بۆ لێکتێگەیشتنیی یەکتر، بەڵکو دەتوانێت ڕێگا بۆ گۆڕانکاریی، یان تەنانەت توندوتیژی لە کۆمەڵگا فرە کولتوورییەکانیشدا خۆش بکات. ((باوەڕناکەم "مەلایەکی ئێرانی" ئەسڵەن هەر جەسارەت بکا لە "جوولەکەیەک" نزیک بکەوێتەوە. من لەو دەمەدا بیرۆکەیەکی فەلسەفی هات بە خەیاڵما و ویستم پێی بڵێم: ئەوروپا هەمیشە پێویستی بە ڕۆژهەڵات هەیە. خۆ ڕۆژهەڵاتیش پێویستی بە ئەوروپا هەیە. لەجیاتی ئەم فەلسەفەیە گوتم: نا، ئەو لەو جۆرانە نییە.. باوەڕبکە! مسیۆ لووسیانا سەری نەخێری ڕاوەشاند و گوتی: وازی لێ بێنە)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٠١). کوردێک هەوڵدەدات دوو لە هاوڕێیەکانی خۆی، کە "پیاوێکی جوولەکە" و "مەلایەکی ئێرانی"یە لە شێوەدا زۆر لەیەکدەچن دەڵێی: سێوێکیی لەتکراوون بە یەکتریان بناسێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی ئەمان لە دوو کولتووری جیاوازن، بەها کولتوورییەکان کارەکەی ئەستەم کردووە. لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەورووپا" نەک هەر ڕەنگدانەوەی قەیرانی ناسنامەیە، بەڵکو چینێکی قووڵتر لە ململانێی کولتووریی لە شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرەکان ئاشکرا دەکات. ئەم بەشە بەریەککەوتنی بەهاکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ئاستی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیی و پەیوەندیی نێوان کەسەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵات دەکۆڵێتەوە. ئەم ململانێیە هەندێکجار لە شێوەی شۆخیی و گاڵتەجاڕیی، هەندێکجاریش لە شێوەی کارەساتدا خۆی دەردەخات، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە داڕشتنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا.

### ٢- ٢- ١- تاکگەرایی بەرامبەر بە کۆمەڵگەرایی

یەکێک لە لایەنە هەرە دیارەکانی جیاوازی کولتوور، جیاوازیی هەڵوێستە بەرامبەر بە تاک و کۆمەڵگا. لە کاتێکدا کولتووری ئەوروپایی جەخت لەسەر سەربەخۆیی تاک و هەڵبژاردنی ئازاد دەکاتەوە، لە بەرامبەردا کولتووری کوردی هێشتا پابەندە بە پەیوەندیی خێزانییەوە. ((ژن و مێرد بوون لە ئەوروپا زیاتر وات لێ دەکات هەر ڕۆژهەڵاتی بمێنیتەوە)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٥٩). ئەو پابەندبوونە بۆ کەسێکی ڕۆژهەڵاتیی لەناو کولتوورێکی ئەوروپایی ئەستەمە. بۆیە لەم ڕۆمانەدا کارەکتەری سەرەکیی چەندینجار ڕووبەڕووی ناکۆکی دەبێتەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خودی کارەکتەر نەتوانێت لە هیچ کام لەم دوو چوارچێوەدا بە تەواوی خۆی پێناسەبکاتەوە.

لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"ی "فەرهاد پیربال"دا، یەکێک لەو دژایەتییە کولتوورییە گرنگانەی کە دیارە، جیاوازیی نێوان تاکگەرایی و کۆمەڵگەراییە. ئەم دژایەتییە تەنیا لە ئاستی ڕەفتار و بڕیاردانی کارەکتەرەکاندا نابینرێت، بەڵکو ڕەگوڕیشەی لە جیاوازییە کولتوورییە قووڵەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا هەیە، کە ڕۆماننووس بە زمانێکی هێماخوازیی و ڕەخنەیی

وێنای دەکات. تاکگەرایی لە ڕۆمانەکەدا نوێنەرایەتی کولتووریی ئەوروپایی دەکات؛ کولتوورێک کە تێیدا ئازادی تاک، سەربەخۆیی، سەربەخۆیی و بڕیاردانی کەسیی بە بەها سەرەکییەکان دادەنرێت. ئەو کارەکتەرانەی لە ژینگەیەکی ڕۆژئاوایی پێکهاتوون، یان لە ژینگەیەکی ڕۆژئاوادا دەژین، زۆرجار هەوڵدەدەن ئارەزووی تاکەکەسیی و ناسنامەی خۆیان بەدیبهێنن، تەنانەت ئەگەر ئەم ڕێگایە ببێتە هۆی دابڕان لە خێزان، یان کۆمەڵگا. لە بەرامبەردا بەکۆمەڵگەرایی نوێنەرایەتی کولتووری ڕۆژهەڵاتیی، یان کوردی لە ڕۆمانەکەدا دەکات؛ کولتوورێک کە تێیدا بەهاکانی وەک دڵسۆزی بۆ خێزان، نەتەوە، نەریت و کۆمەڵگە گرنگترن. لەم ڕوانگەیەوە تاک بەشێکە لە کۆ و بڕیارەکانی دەبێت هاوئاهەنگبن لەگەڵ ڕەزامەندیی و بەرژەوەندیی دەستە و کۆمەڵەکان. لەلایەک کولتووری کوردیی و نەریتیی کە دەیەوێت لە چوارچێوەی ناسنامەی دەستەجەمعی و ڕەگ و ڕیشەی نەتەوەیی خۆیدا بمێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە کولتووری ئەوروپایی مۆدێرن کە پاڵ دەنێت بەرەو ئازادی تاکەکەسیی و گومان و خۆپێناسەکردنەوە.

ئەم دژایەتییە دەبێتە هۆی جۆرێک لە "قەیرانی ناسنامە" لە کارەکتەری سەرەکیدا؛ نە دەتوانێت بە تەواوی لە تاکگەرایی ڕۆژئاوادا بتوێتەوە، نە دەتوانێت بە تەواوی خۆی ڕادەستی نەریتە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژهەڵات بێت. لەم ڕۆمانەدا تاکگەرایی و بەکۆمەڵگەرایی تەنیا دوو شێوازی ژیان نین، بەڵکو دوو سیستەمی بەهای جیاوازن، کە لە چوارچێوەی کۆچ و دەربەدەریی و مۆدێرنیتەدا لەگەڵ یەکتردا بەریەکدەکەون. لە ڕێگای ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەوە گرژی کولتووریی و دەروونی کۆچبەری ڕۆژهەڵاتیی بەرامبەر بە شارستانیەتیی ڕۆژئاوایی بە جوانی پیشاندەدات.

## ٢- ٢- ٢- ڕەگەز و جەستە وەک پانتایی ململانێ

ڕەگەز و جەستە وەک بوارەکانی ململانێی کولتووریی ئاماژەن بۆ ئەو بارودۆخانە کە تێیاندا چەمک، بیروباوەڕ و بەهاکانی پەیوەست بە ڕۆڵی ڕەگەزیی"وەک مێینەبوون، یان نێربوون" ئەو واتایە کولتووریانەیی کە بە جەستەوە بەستراونەوە لە سەرانسەری کولتوورەکاندا لەگەڵ یەکتردا ناکۆکن. لە هەندێک کولتووردا جەستە و ڕەگەز پەیوەستن بە جلەوگیری و شەرم و ئابڕوو و پابەندبوونی نەریتیی، لە هەندێکی دیکەدا جەخت لەسەر ئازادیی و دەربڕینی تاکەکەسیی دەکرێتەوە. ئەم جیاوازییانە دەتوانێت ببێتە هۆی گرژی، سەرلێشێواوی، یان ناکۆکیی لە ناسنامەی تاکەکەسیی و کۆمەڵایەتیی تاکەکاندا. ئەم ڕۆڵانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکیتر دەگۆڕدرێن. ململانێیی کولتووریی لە بواری ڕەگەزدا کاتێک سەرهەڵدەدات کە: کولتوورێک ڕۆڵی نەریتی و سنووردارکردنی بۆ ژن، یان پیاو دیاری بکات، یان کولتوورێکی دیکە جەخت لەسەر یەکسانی و ئازادیی هەڵبژاردن و سەربەخۆیی ڕەگەزییتیی بکاتەوە. ((جەستە بەتەنیا توخمێکی فیزیکی نییە، بەڵکو هەڵگری واتایەکی کولتووری بەرزە؛ جەستەی ژن لە فەرهەنگی کوردیدا نیشانەی ئاکار، شەرەف، ئابڕوو، ئارەزوو، گوناە، پاکی، پەراوێزبوون)) (خۆشناو، ٢٠٢٠: لاپەڕە ٦٧). لە هەندێکی تردا جەستە ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئازادی، جوانی، دەسەڵاتی تاکەکەسیی.

کاتێک مرۆڤ ڕووبەڕووی دوو سیستەمی بەهای جیاواز دەبێتەوە سەبارەت بە ڕەگەز و جەستە "بۆ نموونە: ژنێکی کورد، یان موسڵمان، یان مامۆستایەکی ئایینیی لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژئاوایی"، تووشی ناکۆکی دەبێت: لە لایەک فشاری نەریت و بنەماڵە و کۆمەڵگا بۆ پابەندبوون بە هەندێک ڕۆڵ و ڕووپۆشەوە. لە لایەکی دیکەوە ئازادییە کولتوورییە نوێیەکان، ڕۆڵی ڕەگەزی نەرمونیان و تێڕوانینێکی جیاواز بۆ جەستە. دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێیی کولتووریی. ئەو ململانێیەش ((لەسەر بنەمای جیاوازی و گۆڕانکاری کولتووری لە ئەنجامی بەریەککەوتن و فشارەکانی ژیان قەیرانی ناسنامە دروست دەکات)) (Judith Butler, 1993, 190) ئەم دەقە جەخت لەسەر شلەژان و ناسەقامگیری چەمکی ناسنامە دەکاتەوە؛ قەیرانی ناسنامەی ڕەگەزیی، هەستکردن بە شەرمەزاریی یان دووڕوویی سەبارەت بە جەستە، فشاری دەروونی، ڕەتکردنەوە، یان هەوڵدان بۆ پێناسەکردنەوەی خۆی لە چوارچێوەی کولتوورێکی نوێدا دێتە ئاراوە.

لە ئەدەبی تاراوگەنیشیندا، ئەم ململانێیانە لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت کە لە نێوان دوو کولتووردا، لە نێوان بەها کۆن و نوێیەکان و لە نێوان تێڕوانینە نەریتی و مۆدێرنەکاندا بۆ جەستە و ڕەگەز پێشکەش دەکرێن. "پیرباڵ" لەم ڕۆمانەدا، پەیوەندی سێکسی و تێڕوانینی جەستە وەک یەکێک لە گورزە تیشکەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی کولتووریی پیشان دەدات. لە کولتووری نەریتی کوردیدا زۆر بابەتی پەیوەست بە پەیوەندی ڕەگەز و سێکس پابەندبوونی ئایین و نەریتی تێدایە، لە کاتێکدا لە ژینگەی ئەوروپایی پەیوەندییەکان بە ئازاد و ئاساییتر تەماشادەکرێن. ئەمەش قەیرانێکی دیکە

بۆ کارەکتەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکەی دەئافرێنێت. (("محەمەدی حاجی زادە" پیاوێکی ئێرانیی خاوەن کولتوورێکی ئیسلامی و پارێزگار. جاران مەلای مزگەوتی زەینەبە بووە لە تاران.. تەنیا لەپێناو ئەوەی کە لەدەست بێ پارەیی و سەمەرگی و ژیانی هەژاری ڕزگاری بێت، ڕازی بێ بچێت لەگەڵ هۆمۆسێکسۆێلێکی دەوڵەمەندی پاریس سێکس بکات)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٠٥)، سەرەتا ئەمە لای هاوڕێیەکانی و لای کەس باوەڕپێکراو نەبوو، تا ئەو کاتەی خۆی ئاشکرای دەکات، کە لەبەر بێ پارەیی ئەو کارەی هەڵبژاردووە.

**٢- ٢- ٣- پشتکردنە ئایین و ڕووکردنە دنیاگەرایی**

دوورکەوتنەوە لە ئایین لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەورۆپا" بە واتای دورکەوتنەوەی کارەکتەرە لەو بیروباوەڕ و ڕێوڕەسم و دونیابینی ئایینیی و نەریتانەی کە ڕەگوڕیشەی لە کولتووری کوردیی و ڕۆژهەڵاتیدا هەیە. ئەم دابڕانە تەنها بڕیارێکی ئایدیۆلۆژیی نییە، بەڵکو کاردانەوەی فشارە کۆمەڵایەتییەکانە. تەوەری ئایین و ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا ئاستێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوەی کولتوورییە. کارەکتەری سەرەکی کە لە کۆمەڵگەیەکی ئایینیدا گەورە بووە، لە ئەورۆپادا ڕووبەڕووی پێکهاتەی عەلمانی دەبێتەوە. ئەم بەریەککەوتنە، نەک هەر وای لێدەکات گومان بکات و بیربکاتەوە، بەڵکو هەستی دەرچوون لە شوێنی خۆی قووڵتر دەکاتەوە. کارەکتەری ڕۆمانەکە، "محەمەدی حاجی زادە" مەلایەکی ئێرانییە و لە کۆمەڵگایەکی ئایینیی پەروەردە کراوە، چەند ساڵێکە لە "فەڕەنسا" پەناهەندەیە. "ساقی گوڵچین" پرسیاری لێ دەکات: "ئێوە قبووڵتانە کەپلێکی ئێرانی پێکەوە بژین و.. ژن و مێردیش نەبن؟ "محەمەدی حاجی زادە" گووتی: بێگومان، بێگومان، "خانم"، کە دەچینە شاری کوێران دەبێ دەست بە چاوتەوە بگری! "ساقی گولچین" گووتی: براڤۆ! جاران ئاوها بیرت نەدەکردەوە" (پیربال، ٢٠٢٠، ١٦٠). لەم وەسفەدا جیاوازییەکانی نێوان ئایینداریی و نەریتخوازیی و ئازادیی بیرکردنەوەی مۆدێرن بە ڕوونی پیشاندەدرێت. بە گشتی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەی نێوان ئایین و ڕووکردنە دنیاگەرایی لە ڕۆمانەکەدا نوێنەرایەتی یەکێک لە ململانێ کولتوورییە سەرەکییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەکات کە چینە ناوەکییەکانی کەسایەتیی تاراوگەنیشیین لەخۆدەگرێت. لە ئەزموونی تاراوگەنشین و دەربەدەریدا ئەمە تەنیا گۆڕانی بیروباوەڕ نییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسەی بەڕۆژئاواییبوون و قەیرانی ناسنامە. گرێچنی ئەم ڕۆمانە ئەوە دەردەخات کە چۆن ئایین چیتر سەرچاوەی ئاسوودەیی، یان واتا نییە بۆ هەندێک کارەکتەر، بەڵکو دەبێتە هۆکاری سنووردارکردن. لە ئەنجامدا کارەکتەرەکان وەک ڕێگایەک بۆ ئازادیی و ڕزگاری دەروونیی و سەربەخۆیی هزریی ڕوو لە دنیاگەرایی دەکەن. ((لەم دۆخەدا کارەکتەرەکان وەک ڕێگایەک بۆ بەدەستهێنانی ئازادی و ڕزگاری دەروونی و سەربەخۆیی هزریی پەنا بۆ دنیاگەرایی دەبەن و بە ڕێگای ناسنامەیەکی نوێ و ئازاد دەزانن)) (عوسمان، ١٣٩٧، ل١٣٥).

**٢- ٣- شۆخی و گاڵتەجاڕیی و ڕەخنەی کولتووریی وەک ئامرازێک بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ**

شۆخی و گاڵتەجاڕیی و ڕەخنەی کولتووریی ئەو ڕێبازانەن کە زمانی ناڕاستەوخۆ و زیادەڕەوییی و دژایەتی بەکاردەهێنن، بۆ تیشک خستنە سەر کەموکوڕیی و دژایەتیی و چۆنیەتیی بیرکردنەوە و ڕەفتار و هەڵسوکەوت کولتوورییەکان لە کۆمەڵگاکاندا. ئەم ئامرازانە نەک هەر ناکۆکی شاراوەی نێوان بەها کولتوورییەکان و بیروباوەڕ و کێشەکۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا دەکەن، بەڵکو فەزایەک بو بیرکردنەوە و گوتاریی ڕەخنەیی دەڕەخسێنن. لەم ڕووەوە شۆخی و گاڵتەجاڕی دەتوانێت گرژییە کولتوورییەکان کەم بکاتەوە و بە سازاندنی مەودای دەروونیی، ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژانە لەگەڵ جیاوازییەکان دابین بکات. هەروەها ڕەخنەی کولتووریی ((یارمەتی خوێنەر دەدات بۆ شیکردنەوەی پێکهاتەکانی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و باشتر تێگەیشتن لە ململانێ کولتوورییەکان و دابینکردنی چارەسەر بۆ تێپەڕاندنیان)) (محمدی، ١٣٩٧، ١١٢). "فەرهاد پیربال" لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەورۆپا" دا ، شۆخی و گاڵتەجاڕی وەک ئامرازێک بۆ ڕەخنەگرتن و شیکردنەوەی ململانێ کولتوورییەکان بەکاردەهێنێت. ئەم شۆخی و گاڵتەجاڕییە نەک تەنها خزمەت بە ڕەخساندنی کەشێکی بەزمەسات دەکات، بەڵکو وەک ئامرازێکی ڕەخنەگرانەیە بۆ ئاشکراکردنی ناکاراییی و ململانێی نێوان کولتوورەکان.

**٢- ٣- ١- تایبەتمەندیی و بەکارهێنانی شۆخی و گاڵتەجاڕی**

بەکارهێنانی شۆخی و گاڵتەجاڕی بۆ ڕەخنەگرتن و ئاشکراکردنی نایەکسانی و ڕاستکردنەوەی ڕەفتارەکان و وروژاندنی

بیرکردنەوەیە لە خوێنەردا، بەبێ ئەوەی ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ببێتەوە. لە ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"دا کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگای دیالۆگ و ڕەفتارەکانییانەوە وێنادەکرێن. "پیربال" بە کەڵک وەرگرتن لە شۆخی و گاڵتەجاڕی لە ڕەفتار و قسەکردنی کارەکتەرەکاندا، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ڕەخنەگرانە، ململانێ کولتوورییەکان پیشاندەدات. لە ڕۆمانەکەدا لەبارەی وێنە و تابلۆکێشان، پرسیاری لە "فەرهاد" دەکەن؟ ((ڕسمی چی دەکەی. "ئاغای فەرهاد"ی؟ هەرچی شتێک تێی نەگەم، ڕسمی دەکەم)). (پیربال، ٢٠٢٠، ٦٨). ئەوانیش بۆیان سەیر دەبێت! بەڵام چەندجار پرسیاری لێ دەکەن، "فەرهاد" هەر بەوشێوەیە وەڵامیاندەداتەوە. دیالۆگەکە بەردەوام دەبێت ((من دەمزانی گفتوگۆکەمان حاڵەتێکی هەندێک کۆمێدیی وەرگرتبوو ، بەڵام سەبارەت بەوەی کە یەکەمجار بوو لەگەڵ هەرسێکیان دانیشتبووم و تازە بووبووینە ئاشنای یەکتر، نەمدەتوانی پێ لەوە زیاتر هەڵببڕم)). (پیربال، ٢٠٢٠، ٦٩). شۆخی و گاڵتەجاڕی لێرەدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە نوێنەرایەتیکردنی ئاڵنگاری تاکەکەسیی لە کۆمەڵگایەکدا کە بەها جیاوازەکانی هەیە.

## ٢- ٣- ٢- شۆخی و گەڵتەجاڕی وەک شێوازێکی ڕەخنە

شۆخی و گاڵتەجاڕی جۆرێکە لە دەربڕینی ڕەخنەیی کە بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی وەک زیادەڕەویی و دژایەتیی و پێکەنین تیشک دەخاتە سەر نائاسایی و دژایەتیی و نایەکسانی کۆمەڵایەتیی، کولتووریی، یان سیاسیی. ئەم میتۆدە لەبڕی ڕەخنەی ڕاستەوخۆ و توندوتیژانە، بینەر ناچاردەکات بیربکاتەوە و هەندێکجاریش بە دروستکردنی بارودۆخی گاڵتەجاڕانە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت. شۆخی و گاڵتەجاڕی ڕۆڵێکی گرنگیی هەیە لە ڕۆمانی دوای کۆلۆنیالیزمدا، بە تایبەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێ کولتوورییەکان. لە "هۆتێل ئەوروپا"دا، "پیربال" شۆخی و گاڵتەجاڕی بەکاردەهێنێت بۆ ڕەنگدانەوەی نایەکسانی و دژایەتییەکانی نێوان کولتوورەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. ئەم شۆخی و گاڵتەجاڕییە نەک هەر بەزمەساتە، بەڵکو بە قووڵی ڕەخنە لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و بەها کولتوورییەکان دەگرێت و ڕەهەندە شاراوەکانی دژایەتییەکان ئاشکرا دەکات. ((بە بیرتە جارێک بە تووڕەییەوە گووتی: پاراستنی کولتوور و ڕەوشتی ئیسلام ئەمڕۆ لە نوێژ و ڕۆژوو زۆر گرنگترە بۆ ئێمەی موسڵمان؟ – وایە. – جاران جاران بوو، هەر کەسێک لە هەر قوناغێکدا شتێکە، پاشان گۆڕانی بەسەر دادێ، ئەوروپا ئاوهایە ئیتر، فریشتەیەک لە ماوەی چەند ساڵێکدا دەکاتە ئیبلیس، ئیبلیسێکیش بە پێچەوانەوە دەکاتە فریشتە..)). (پیربال، ٢٠٢٠، ١٠٨). لێرەدا شۆخی و گاڵتەجاڕی وەک ئامرازێک بۆ پیشاندانی ململانێ ناوەکییەکانی کولتوور و بیرکردنەوەکانی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت. زیاتر کار لەسەر کۆمیدیای ڕەش، یان "نوکتەی تاڵ" کراوە کە مامەڵە لەگەڵ بابەتی ڕژد، ئازاربەخش، توندوتیژی، یان قەیرانی ئاکاریی دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە و بێدەنگ و هەندێکجار تەنزئامێز گوزارشتییان لێدەکات.

هەروەها "پیربال" لە ڕۆمانەکەیدا نوکتە وەک ئامرازێک بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی بەکاردەهێنێت. کارەکتەرەکان لە ڕێگای قسەکردن و ڕەفتارەکانییانەوە ئاڵنگاریی بیرکردنەوە باڵادەستەکان و پێکهاتەکانی دەسەڵات دەکەن. ئەم تێڕوانینە بە تایبەتی لە ڕەخنەکانیدا لە نایەکسانی کولتووریی و کۆمەڵایەتییدا دیارە، کە "پیربال" هەوڵ دەدات لە ڕەخنەیەکی توندا ڕووبەڕووبوونەوەی کولتووریی وێنا بکات. ((ئەوروپییەکان کاتێک تێک دەشکێن ئینجا بۆ ئاستی ئێمەی پەناهەندە دادەبەزنە خوارەوە.. – چونکە ئەوروپییەکان، تێبینیم کردووە: خۆیان زۆر بڵنتر و ناسنامەی خۆیان زۆر شکۆمەنتر، ئێمەش زۆر پاین و بچووک تەماشا دەکەن.. –"ئایەتوڵڵا و عەمامە بەسەرەکانی ئێران" بە سیاسەت و چەک شەڕ لە دژی ڕۆژئاوا دەکەن.. منیش "بەزەکەرم")). (پیربال، ٢٠٢٠، ١١٦). ئەم تەنزە، وێڕای ئافراندنی کەشێکی گاڵتەجاڕ و تەنزئامێزانە و یاریکردن، ڕەخنە لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی و ململانێ کولتوورییە ئاشکرا و شاراوەکان دەگرێت و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زیانەکانی پەیوەست بە کۆچ و کولتوورەکان لە ڕێگای شیکردنەوەی ڕەفتاری مرۆڤەوە ئاشکرا دەکات.

## ئەنجام

ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخات:-

١- ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا"، وەک بەرهەمێکی دیار لە ئەدەبی تاراوگەنشین، ململانێی کولتووریی بە شێوەیەکی ئاڵۆز و فرەچین بە باشی وێنا دەکات. ئەم ڕۆمانە لە چەند لایەیێکەوە ڕەهەندە جیاوازەکانی ململانێ کولتوورییەکان دەشکێنێت و

بە قووڵی ناسنامە و ئاڵنگارییە کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرە کۆچبەرەکان شیکار دەکات. شیکردنەوەی ئەم ململانێیانە نەک هەر یارمەتیدەرە بۆ باشتر تێگەیشتن لەم ڕۆمانە، بەڵکو تێگەیشتنێکی قووڵتر لە دۆخی کۆچبەران لە جیهانی هاوچەرخدا دەرەخسێنێت.

٢- توێژەر وەها خوێندنەوەی بۆ بابەتەکە کردووە، کە ململانێی کولتووریی نەک هەر نایەکسانی کۆمەڵایەتیی و ئابووریی لێدەکەوێتەوە، بەڵکو کاریگەریی قووڵی لەسەر کارەکتەرە تاراوگەنشینەکان لە ڕەهەندە دەروونیی و ناسنامەکەیاندا هەیە. ئەمە دەتوانێت ئاماژە بێت بۆ ئەو ئاڵنگارییە جۆراوجۆرانەی کە تاراوگەنشینان لە کۆمەڵگا نوێیەکاندا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، کە هەندێکجار بەهۆی سادەییەوە پشتگوێ ئەخرێت.

٣- قەیرانی ناسنامە لە "هۆتێل ئەوروپا" دۆخێکی ساتەوەختی نییە، بەڵکو پێکهاتەیەکی بەردەوامە کە زمان و شوێن و یادەوەریی و هەستی سەربەخۆیی کارەکتەرەکە دەگرێتەوە. ڕۆماننووس لە ڕێگەی ئەم قەیرانەوە ڕەخنەی لە کولتووریی دەربەدەریی و بێماڵیی کولتووریی و بۆشایی نێوان کولتوورییەکان دەگرێت. ئەم ڕۆمانە ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ئاڵۆزی کۆچبەرێکە لە جیهانی مۆدێرن، کە ناسنامە چیتر ڕاستییەکی سادە و جێگیر نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی گوتاریی و ڕژد و مشتومڕاوییە.

٤- ڕۆمانی "هۆتێل ئەوروپا" وێنەیەکی فرەلایەنە لە قەیران و پێوەندی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا دەخاتە ڕوو. لەم بەرهەمەدا مۆدێرنیتە، وەک هێزێکی وێرانکەر، هۆکاری سەرلێشێواوی و قەیرانی ناسنامە و نامۆبوونە. لە لایەکی دیکەوە مۆدێرنیتە بەهۆی بۆشایی مێژوویی و نەبوونی بەستێنێکی نوێ، ناتوانێت ڕۆڵی بنیاتنەری خۆی بگێڕێت. بە زمانێکی گازگرتن و ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە پیشانیدەدات کە مرۆڤی هاوچەرخی کورد، لە ململانێی نێوان ئەم دوو جەمسەرەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر حاڵی پەشۆکاوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە بە زمانی کوردی:

**پەرتووک:**


- بێرنارد لویس، و: حاجی زادە، یاسین. (٢٠٠٨). بەریەککەوتنی کولتوورەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆک.
- پیربال، فەرهاد. (٢٠٢٠). هۆتێل ئەوروپا، چاپی سێیەم، چاپخانەی تاران.
- ڕەسووڵ، عیزەددین مستەفا. (٢٠٠٥). بۆ زمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.
- شاکەلی، فەرهاد. (٢٠٢١). دەرزیئاژن پەیوەندییە نایەکسانەکانی ئێمە و ڕۆژاوا لە ڕوانگەیەکی فەرهەنگی و سیاسییەوە، چاپی دووەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- عارف، فاخر عەلی. (٢٠٢٤). کورد و بنەماکانی کولتووری ژینگەیی، چاپی یەکەم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، هەرێمی کوردستان.
- عوسمان، مامۆستا حاجی. (٢٠١٨). عەلمانییەت و گۆڕانی کولتووریی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر.
- عەبدولخالق، مەسعود. (٢٠١٧). مەوسوعەی جودی، بەرگی سێیەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولێر.
- عەبدوڵلا، سەعید. (٢٠١٤) .کەلتوور و گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕووناکی، سلێمانی.
- عەلی، بەختیار. (٢٠١٥). *ئەدەبیاتی مێرشی نوێ*، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەوین. سلێمانی.
- کۆمەڵێک نووسەر، و: قەرەداغی، کامل محمد. (٢٠٢٠). پێکداکێشانی شارستانییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- گۆمەتاڵی، بورهان حاتەم. (٢٠٢١). پوختەی فەلسەفەی مێژوو، چاپی دووەم، نوسینگەی تەفسیر، هەولیر.
- لەتیف، شەماڵ. (٢٠٢٢). مۆدێرنە و کولتوور، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- لەتیف، شەماڵ. (٢٠٢٤). کەلێنی نێوان نەوەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
- موسی، سەلام. (٢٠١٦). فەرهەنگ و کۆمەلایەتیی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، سلێمانی.

یەحیا، شەونم. (٢٠١٩). دیموکراسی بە دەم ڕەشەباوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.


**ب- نامەی ئەکادیمی:**


- عبداللە، کوێستان علی. (٢٠٢٢). بەجیهانیبوونی کولتوور و کاریگەریی لەسەر ناسنامەی گەنج، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان-عێراق.


### دووەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

**پەرتووک:**


- زیدان، جمال. (٢٠٠٥). علم الاجتماع الثقافي، دار الفكر العربي، بيروت.

- سعيد، إدوارد. (١٩٩٩). ت: كمال أبو ديب، الثقافة والإمبريالية، طبع الاول، الآداب، بيروت.

**سێیەم: سەرچاوە بە زمانی فارسی:**

**پەرتووک:**

- خانی، فرهاد. (١٣٩٥). هویت فرهنگی و بازنمایی نمادین در فرهنگ کردی، چاپ یکم، نشر افکار.
- خزاعی، فرهاد. (١٣٩٢). درآمدی بر جامعه‌شناسی فرهنگی، نشر سمت، ایران.
- سعید، ادوارد، ترجمه: نیک‌گهر، عبدالحسین. (1386). شرق‌شناسی، انتشارات امیرکبیر، تهران.
- قانعی‌راد، محسن. (١٣٩٢). جامعه‌شناسی معرفت علمی، انتشارات علمی فرهنگی، تهران.
- محمدی، یحیی سید. (١٣٩٢). روان شناسی مرضی، چاپ بیست و دوم، نشر ساوالان.
- محەمەدی، نسرین. (١٣٩٧). نقد فرهنگی و ساختارهای قدرت، نشر کورد، سنندج.
- ملکیان، مصطفی. (١٣٨٩). معنویت و عقلانیت، نشر نگاه معاصر، ایران.

**چوارەم: سەرچاوە بە زمانی ئینگلیزی:**

**پەرتووک:**

- Butler, Judith. (1993). Bodies That Matter: On the Discursive Limits of “Sex”. New York: Routledge.
- Harris, Marvin. (2007). *Cultural Anthropology* (10th edition). Boston: Pearson Education.

**الصراع الثقافي في رواية "هۆتێل ئەورۆپا" لـ"فَرهاد پيربال"**

**بارزان طاهر احمد**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية/ شقلاوه، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كردستان,العراق
Barzan.t.ahmed@su.edu.krd

**كارزان محسن قادر**
قسم اللغة الكردية، كلية التربية الأساسية، جامعة صلاح الدين – أربيل، إقليم كردستان,العراق
karzan.qader@su.edu.krd

**الملخّص**
رواية "هۆتێل ئەورووپا" تُعدّ واحدة من أجمل وأبرز النماذج التي تتناول زمن الهجرة، والتشرّد، والنفي في الأدب الكردي الحديث، حيث تصوّر مسألة الصراع الثقافي بأسلوب عميق ومتعدّد الطبقات. تدور أحداث الرواية ضمن إطار ذهني وبيئة أوروبية، حيث يعيش بطل الرواية، وهو مهاجر كردي، في قلب مجتمع أوروبي بمدينة باريس، ويواجه نوعاً من التناقض بين هويته الوطنية والثقافة الغربية السائدة. هذا التناقض لا يظهر فقط في المستويات الخارجية مثل اللغة والسلوك والعلاقات الاجتماعية، بل يتجلّى أيضاً في طبقات أعمق كالإحساس بالانتماء، وفهم الذات، والتجربة المعيشة للشخصية. وتُظهر هذه الرواية، من خلال استخدامها لأساليب السرد ما بعد الحداثي، تجاوزاً للحدود بين الماضي والحاضر، والتقاليد والحداثة، والشرق والغرب، وتكشف عن طبقات من التناقض اللغوي، والسلوكي، والتاريخي، والنفسي. ويؤدي هذا التناقض في نهاية المطاف إلى نوع من أزمة الهوية وشعور بالغربة لدى الشخصية الرئيسية. تهدف هذه المقالة، من خلال منهج التحليل النقدي، إلى دراسة العناصر الثقافية وبنية السرد في الرواية، وتوضيح مظاهر الصراع الثقافي وتأثيره في تشكيل ذات المهاجر.
**الكلمات المفتاحيية:** الصراع الثقافي، الشرق، الغرب، فندق أوروبا، فرهاد بيربال.

**Cultural Conflict in the Novel ″Hotel Europe ″by "Farhad Pirbal"**

**Barzan Taher Ahmad**
Department of Kurdish Language, College of Education/Shaqlawa, Salahaddin University –Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Barzan.t.ahmed@su.edu.krd

**Karzan Mohsen Qadir**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University –Erbil, Kurdistan Region, Iraq
karzan.qader@su.edu.krd

**Abstract**
The novel *Hotel Europa* is one of the most beautiful and prominent examples of the era of migration, displacement, and exile in modern Kurdish literature. It portrays the issue of cultural conflict in a profound and multilayered way. The events of the novel unfold within a European mindset and setting. The main character is a Kurdish immigrant living in the heart of a European society in Paris, who faces a kind of conflict between his national identity and the dominant Western culture. This conflict is not only evident on external levels such as language, behavior, and social relations, but also appears in deeper layers like the sense of belonging, self-perception, and the character's lived experience. Through the use of postmodern narrative techniques, the novel transcends the boundaries between past and present, tradition and modernity, East and West. It exposes and confronts layers of linguistic, behavioral, historical, and psychological conflict. The outcome of this conflict is a form of identity crisis and a sense of alienation in the main character. This article, using a critical analytical approach, aims to examine and explain the manifestations of cultural conflict and its impact on the formation of the immigrant subject by analyzing the cultural elements and narrative structure of the novel.
**Keywords:** Cultural conflict, East, West, Hotel Europe, Farhad Pirbal.